تەبا
لەگەڵ ئێوە بۆ ئێوە
Tba
سوڵتان موزەفەرەددین گۆکبۆرو ئەتابەگی هەولێر(ئەربیل)
١١٤٤ - ١٢٣٢
ژمارە: ٧٩
٢٦ی نیسان ٢٠٢٢
تیراژ: ٢٠٠٠
دینار: ٥٠٠

# بۆ یەکەمجار لەهەولێر (ئەربیل)

## ١ـەمین ڕێوڕەسمی ساڵانەی یادی لەدایك بوونی سوڵتان موزەفەرەددین گۆکبۆرو



### پڕۆژەیەکی دیکەی تەبا ئەنجامدرا

**ئایدن مەعروف، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان:**
سوڵتان موزەفەرەددین گۆکبۆرو لە ماوەی خۆی لە هەولێر، هەمیشە پشتگیری پێکەوەژیانی لە ناوچەکە دەکرد...

**ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر:**
یەکەم جارە یادی لە دایکبوونی ئەو زاتە گەورەیە دەکرێتەوە. هیوادارین ئەم یادە ببێتە هاندانی هەموو لایەکمان بۆ روحیەتی برایەتی و پێکەوەژیان و ئاشتی و تەبایی هەولێرییەکان...

www.tebakurdi.com
+964 750 261 10 11
+964 750 261 10 11
facebook.com/tebakurdi
twitter.com/tebakurdi

# "ئەگەر یاسای کاراکردنەوەی کۆمسیۆن جێبەجێ نەکرێت دەسەڵاتی هەڵبژاردن ناتوانێت ئەو هەڵبژاردنە ئەنجام بدات"

ریپۆرتاژ: عەبدولسەلام توتونچی

دوای دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراق لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە کە بڕیارە لە ١ی ١٠ی ٢٠٢٢ بەڕێوە بچێت، مشتومڕ و ناکۆکی کەوتووەتە نێوان لایەنە سیاسیەکانەوە، لەمەڕ یاسای هەڵبژاردن و چۆنیەتی هەڵبژاردنەکە. ناکۆکیەکانیش لە نێوان دوو بۆچووندایە، ئایا وەک رابردوو بەیەک بازنەیی هەڵبژاردنەکە بڕوات بەڕێوە، یاخود بکرێتە فرە بازنەیی.

بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان سەرباری ئەوەی رێگری یاسایی هەیە بۆ هەڵبژاردنەکە، چونکە کۆمیسیۆن کە لایەنی سەرپەرشتیارە نزیکەی دوو ساڵە ماوەی یاساییان بەسەرچووە، متمانەپێدانەوەی پەرلەمانی دەوێت، کە لایەنەکان ناکۆکن تائێستا، سەرباری ئەوەش یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانیش بووەتە کرۆکی کێشە لە هەرێمدا، چونکە بەشێک لە لایەنەکان دەیانەوێت یاساکە وەک ئێستای خۆی بمێنیتەوە بە (یەک بازنەیی) لەگەڵ کۆی بڕگە و ماددەکانی پێویستی بەگۆڕین نییە، بەرەیەکی تر ئەیانەوێت هەمواری یاساکە بکرێتەوە (فرە بازنەیی) جێگیر بکرێت لەگەڵ گۆڕانکاری لە زۆر بواری تری یاساکە، بەتایبەت چەند لایەنێکی پەرلەمان کردوویانەتە پێش مەرج و رازی نین بەبێ هەمواری یاساکە هەڵبژاردن بکرێت.

رۆژی ٢٨ی ئاداری ٢٠٢٢ پێشنیازی هەمواری هەشتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراق کە لە ٣٦ ماددە پێکهاتووە لەلایەن ٣٥ پەرلەمانتاری فراکسیۆنەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی دادگەریی و نەوەی نوێ پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا و تیایدا داواکراوە هەرێم بۆ چوار بازنەی هەڵبژاردن دابەشدەکرێت و دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمانیش بەسەر بازنەکاندا بەگوێرەی ژمارەی دانیشتووانی هەر پارێزگایەک بێت.

ئەم پێشنیازە فراکسیۆنەکانی کردووەتە دوو بەش، بەشێکیان پێیانوایە کە دەبێت بە یاسا و سیستەمی ئێستا کە هەیە لە وادەی خۆیدا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت و بەشێکیشیان داوای هەموارکردنەوەی یاساکە دەکەن.

یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو، داوا دەکەن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا: هەرێم بەسەر چوار بازنەی هەڵبژاردن دابەشبکرێت و کورسی کۆتا کە ئێستا ١١ کورسی پەرلەمانیان هەیە، بەگوێرەی دانیشتووانیان کورسییان بۆ دیاریبکرێت، هەروەها یاسای هەڵبژاردن هەموار بکرێتەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستانیش، رازی نییە کورسیی ژمارەی کۆتاکان کەمبکرێتەوە، لە بارەی یاسای هەڵبژاردنیش دەڵێن، لە ئەگەری هەموارکردنی یاساکە کۆمسیۆن ناتوانێت کارەکانی تاوەکو مانگی تشرینی یەکەم تەواو بکات، دابەشکردنی هەرێم بەسەر چوار بازنە یەکێکی دیکەیە لەو بابەتانە پارتی رەتیدەکاتەوە.
نوێنەری پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە هەڵبژاردن بە هەمان ئەو یاسا و سیستەمی کە ئێستا هەیە لە وادەی خۆیدا ئەنجام بدرێت.
بۆ وەرگرتنی دوایین راو بۆچوون و بڕیاری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژرادنەکان وەک رۆژنامەی تەبا، چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیمان لەگەڵ هەندرێن محەمەد، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەنجامدا و لەمیانیدا وەڵامی چەندین پرسیاری تایبەت بەهەڵبژاردنەکانی دایەوە.

## "وادەی کۆمسیۆن لە ٢٠١٩وە بەسەر چووە"

**لەئێستادا کۆمسیۆن وادەی کۆتایی هاتووە، لەڕووی یاساییەوە ئایا ئەم کۆمیسیۆنەی ئێستا بەبێ کاراکردنەوە دەتوانێت هەڵبژاردن ئەنجام بدات؟**

یەک لە پێویستیە سەرەکییەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردن هەبوونی دەسەڵاتی هەڵبژاردنە کە لێرە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسیە، ئەم کۆمسیۆنە لە کۆتاییەکانی ٢٠١٩وە وادەکەی بەسەر چوووە. ئەو کات ئێمە بەجدی پەرلەمانمان ئاگادار کردووە کە پێش ٦ مانگ لە تەواو بوونی وادەی خۆی پێمان وتن ئەم کۆمسیۆنە وادەی بەسەر چووە فەرموون کاری لەسەر بکەن، هەروەها لە ساڵی ٢٠٢٠یش بەهەمان شێوە نوسراومان بۆ کردن، هاوکات لە کاتی دەرچوونی مەرسوومی سەرۆکی هەرێم بە دیاریکردنی ١ی ١٠ی ٢٠٢٢ بۆ هەڵبژاردن، نوسراوێکمان بۆ کردن وتمان فەرموون ئەوە مەرسوم دەرچووە یەکلایی ئەو ٩ کەسەی ئەنجومەنی کۆمسیۆن بکرێتەوە بۆ ئەوەی رێکارەکان و پەیرەوەکان بەڕێوە ببەن، بەداخەوە تاوەکو ئێستا ئەم بابەتە لە پەرلەمان مایەوە. ئێمە ئاگادارین هەندێک حیزب مەرجی هەیە لەوەی کە یاساکە هەموار بکرێتەوە و کۆمسیۆن چالاک بکرێتەوە، هەندێک حیزبیش دەڵێن نەخێر با کۆمسیۆنەکە



چالاک بکرێتەوە دواتر یاسایەکە هەموار بکرێتەوە، ئەوەش تا ئێستا لە نێوان حیزبەکان ماوە، بەڕای من زۆر گرنگە کۆمسیۆن کە دامەزراوەیەکی نیشتیمانیە و تایبەتە بە هەموو کوردستانییان کاری لەسەر بکرێت و یەکلا بکرێتەوە، جا چی بە چالاکردنەوەی هەمان ئەو ئەنجومەنەی کە پێشووتر لێرە بووە، یانیش بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنێکی نوێ، بەراستی لە پەرلەمان داوا دەکەم ئەم بابەتە زوو یەکلایی بکرێتەوە.

## "ئەگەر یاسای کاراکردنەوەی کۆمسیۆن جێبەجێ نەکرێت دەسەڵاتی هەڵبژاردن ناتوانێت ئەو هەڵبژاردنە ئەنجام بدات"

**لە ئەگەری کارانەکردنەوەی کۆمسیۆن ئایا هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت؟**

ئەگەر یاسای کاراکردنەوەی کۆمسیۆن جێبەجێ نەکرێت و یەکلایی نەکراوە هەڵبەت دەسەڵاتی هەڵبژاردن ناتوانێت ئەو هەڵبژاردنە ئەنجام بدات و ئەو کاتیش دەبێت پەرلەمان وەڵامی حیزب و لایەنەکان بداتەوە، چونکە ئەوە کاری پەرلەمانە ئەنجومەنی کۆمسیۆن یەکلا بکاتەوە، لەئەگەری کارانەکردنەوەی کۆمسیۆن ئەوکات بەراست دەبێت ئەوان وەڵامیان هەبێت بۆ سەرۆکایەتی هەرێم کە مەرسوومی دەرکردووە و وەڵامیان هەبێت بۆ حیزبەکان وەڵامیان هەبێت بۆ هەموو دەنگدەران.

## "بەپێی یاسا ئەو ٩ کەسەی کە ئەنجومەن پێکدەهێنن ئەوان پەسەندی رێکار و کارەکانی هەڵبژاردن دەکەن"

**ئایا کۆمسیۆن دەستیکردووە بەئامادەکاری بۆ هەڵبژاردن؟**

کۆمسیۆن تەنیا پێکنەهاتووە لە ٩ کۆمسیار کە گرفتی ئەوە هەیە وادەکەیان بەسەر چووە، کۆمسیۆن پێکهاتووە لە ١٢ بەڕێوبەری گشتی و ٣٢ بەش ١٠٥ هۆبە، ئەوانە کاروباری رۆتینات ئەنجام دەدەن کە وەک دیارە دامەزراوەی کۆمسیۆن گرێدراوە بە هەڵبژاردن کارەکانیان بەردەوامە. بەڵام هەموو ئەو کارانەی ئەو بەڕێوەبەرە گشتیانە دەیکەن گرێدراوە بە پەسەندکردنی ئەنجومەنی کۆمسیۆن، چونکە بەپێی یاسا ئەو ٩ کەسە کە ئەنجومەن پێکدێنن ئەوان پەسەندی رێکار و کارەکانی هەڵبژاردن دەکەن کەواتە هەموو کارەکان ئەگەر بشکرێت دەوەستێت تا ئەو ئەنجومەنە کارا دەکرێتەوە.

## "ئەگەر بازنەکانی هەڵبژاردن گۆڕانکاری تیادا بکرێت، کۆمسیۆن دەچێتە ژێر باری بڕیارەکە"

**یەکێک لە ئاڵنگارییەکانی هەڵبژاردن ناکۆکی نێوان لایەنەکانە لەبارەی بازنەکانی هەڵبژاردن، ئایا ئێوە وەک کۆمسیۆن هیچ بڕیارێکتان لەو بارەیەوە هەیە؟**

لەناو حیزبەکان مشتومڕی فرە بازنەیی و یەک بازنەیی هەڵبژاردن هەیە، چونکە پەرلەمانی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی پێشووتر بە یەک بازنە هەڵبژێردراوە، ئێستا بۆچوونێک هەیە هەڵبژاردنی ئەم جارە فرە بازنەیی بێت، هەندێک بۆچوونی دیکەش داوای ٤ بازنە دەکات، هەروەها هەیە داوا دەکات وەک هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ١٢ بازنە بێت، بە نسبەت کۆمسیۆن ئێمە ئەرکێکی زۆر قورس لەسەرمان دروست نابێت، ئەگەر بازنەکان گۆڕانکاری تیادا بکرێت کۆمسیۆن دەچێتە ژێر باری بڕیارەکە، چونکە بە یاسا ناچارین جیبەجێی بکەین، ئەوە دەمێنێتەوە سەر بەرژەوەندی حیزبەکان، هەندێک حیزب وایان پێ باشە بە فرە بازنەیی بێت، هەندێکیش بە یەک بازنەیی، بۆ ئێمە هیچ جیاوازی نییە ئێمەش ناتوانین تەداخول بە بڕیاری پەرلەمان و حیزبەکان بکەین.

## "وەک کۆمسیۆن لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان قسەمان کردووە، ئامادەن هاوکارمان بن لە هەڵبژاردن"

**تۆماری دەنگدەران بووەتە هۆی ناکۆکی نێوان لایەنەکان، ئایا هیچ رێکارێکتان کردووە ناوی گوماناوی و مردووەکان لە تۆمارەکان دەربکەن؟**

تۆماری دەنگەدەران کە لەهەڵبژاردنەکانی تریش زۆر قسەی لەسەر کرا، ئێمە ئەم جارە کە سەیر دەکەین لێکتێگەیشتنێک هەیە لەنێوان هەموو حیزبەکان کە تۆماری بایۆمەتری کۆمسیۆنی فیدراڵی بەکار بێت، ئێمەش لەگەڵ هەمان بۆچوونین بەتایبەتی ئەگەر ئەو تۆماری بایۆمەترییەی عێراق کە بە ئامێرەکانیشەوە بەکاربێت، کاتێکی زۆر بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە و ماوەیەکی زۆر گەورە کورت دەکرێتەوە، ئێمە پێمان باشە ئەگەر ئەو داوایە لە ئێمە بکرێت یان لە یاساکە باس بکرێت ئەوە ئێمە دەتوانین لەگەڵ کۆمسیۆنی عێراق بگەینە رێککەوتن. وەک کۆمسیۆن لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان قسەمان کردووە ئەوانیش ئامادەن هاوکارمان بن لەم بابەتە، ئێمە یاداشتی لێکتێگەیشتنمان هەیە لەگەڵ بەغداد لە ساڵی ٢٠١٥ واژۆمان کردووە، گرنگرین بەشی تایبەتە بە هاوکاری یەکتر لە تۆماری دەنگدەران بە پشت بەستن بەوەی ئەو دەنگدەرەی لە هەولێر هەیە کە دەنگ دەدات بۆ هەڵبژاردنی عێراق هەر ئەو دەنگدەرەشە دەنگ دەدات بۆ پەرلەمانی کوردستان، کەواتە گۆڕانکاری لە ناوەکان نییە، بۆیە پێمان باشە ئەم بڕیارە کاری کۆمسیۆنیش ئاسان دەکات.

## "ئەگەر بەم نزیکانە یاسای کۆمسیۆن هەموار بکرێتەوە هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت"

**ئایا هەڵبژاردن لەکات و وادەی خۆی ئەنجام دەدرێت؟**

ئەوە دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کەی پەرلەمان یاسای کۆمسیۆن هەمواردەکاتەوە، ئەگەر لەو ماوە نزیکانە یەکلایی بکاتەوە، ئەنجومەنی کۆمسیاران دەتوانێت رێکاری نوێ بگرێتە بەر و هەندێک رێکار کورت بکاتەوە و هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت، بەتایبەتیش ئەگەر تۆمار وەک خۆی بمێنێت ماوەکە زۆر کورت دەبێتەوە بۆ ئێمە، بەتایبەت ئەو ٦ مانگەی کە ئێمە باسی دەکەین بۆ ئامادەکاری تایبەت کراوە بۆ هەڵبژاردن نیوەی بە ئامادەکاری بۆ تۆماری دەنگدەران دەڕوات، بەڵام ئەگەر تۆماری دەنگدەران و بایۆمەتری عێراق هات و بەهەموو پێداویستیەکانیەوە، ئەوکات ماوەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ ئێمە.

## "دواخستنی هەڵبژاردن، هەنگاوێکە بۆ دواوە لە پڕۆسەی دیموکراتی"

**لە کۆتاییدا وەک سەرۆکی کۆمسیۆن چیت هەیە بۆ حیزبەکان و لەئەگەری دواخستنی هەڵبژاردن چ پێشهاتێک چاوەڕێمان دەکات؟**

هیوادارم کە هەموو حیزبە سیاییەکان کار لەسەر ئەوە بکەن کە ئەو کۆمسیۆنە یەکلایی بکەنەوە، بەهەڵبژاردنی کۆمسیۆنێکی نوێ یان بە کاراکردنەوەی ئەوەی ئێستا بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا بکرێت. چونکە دواخستنی هەڵبژاردن ئاکامی خەراپی ئەوویە هەنگاوێکە بۆ دواوە لە پڕۆسەی دیموکراتی، ئەگەر هەڵبژاردن ئەنجام نەدرا پەرلەمان دەچێتە حاڵەتێکی تر و دەبێت وادەی خۆی درێژ بکاتەوە، بۆیە پێویستە هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت.

# ١ـەمین ڕێوڕەسمی ساڵانەی یادی لەدایك بوونی سوڵتان موزەفەرەددین گۆكبۆرو

فۆتۆ: ئەنەس سەدام-موئمین محەمەد/هەواڵ: ئەیمەن ئەربیلئۆغلو




لەژێر چاودێری وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پێكهاتەكان و بە سپۆنسەری گروپی میدیایی تەبا، لە ١٩ی نیسان، ١ەمین ڕێوڕەسمی ساڵانەی یادی لەدایک بوونی سوڵتان موزەفەرەددین گۆكبۆرو كرایەوە.

وەک بەشێک لە ڕۆژەکە لەکاتی بەیانیدا وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پێكهاتەكان لە هەولێر(ئەربیل) سەردانی مەزارگەی سوڵتان موزەفەرەددین گۆكبۆروی كرد، ئایدن مەعروف بە یاوەری محەمەد فەرید ئەربیلئۆغلو، بەڕێوبەری گشتی گروپی میدیایی تەبا لەگەڵ چەندین هاووڵاتی و گەنج سەردانەكەیان ئەنجام دا.

ئایدن مەعروف ئاماژەی بەوەدا كە سەردانی مەزارگەی گۆكبۆرویان كردووە بە بۆنەی ساڵیادی لەدایكبوونی سوڵتانی جیهانی ئیسلامی سوڵتان موزەفەرەددین گۆكبۆرو و وتیشی، سوڵتان موزەفەرەددین گۆكبۆرو لە ماوەی خۆی لە هەولێر هەمیشە پشتگیری پێكەوەژیانی لە ناوچەكە دەكرد. لەماوەی دەسەڵاتی ئەودا، هەموو ئەو پێكهاتانەی كە لە هەولێر بوون، هیچ جیاوازییەک لە نێوانیان نەدەكرا. لەسەردەمی گەورەی سەلجوقیدا وەک ئەتابەگی هەولێر و مووسڵ هەڵبژێردرابوو".

ئایدن مەعروف باسی لەوەشكرد، لەسەردەمی ئەودا لەهەولێر گۆڕانكاری زۆر گەورە ڕوویداوە، لە قەڵای هەولێر مزگەوت نۆژنكرابووییەوە، جیا لەمەش لەسەردەمی ئەودا بە بۆنەی یادی لەدایک بوونی پێغەمبەرمان مەولود خوێندراوە، ئەوە پێشكەوتن و پشتگیرییەكی زۆر باش بووە".

هەروەها باسی لەوەكرد، لە ماوەی فەرمانڕەوایدا بە تایبەت لە مووسڵ و هەولێر لە تایبەتمەندیەكان سوڵتانەكە خزمەتێكی گەورەی كردووە لە بواری زانست و كلتووردا، هەروەها خزمەتێكی زۆری بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام كردووە. بەم هۆیەوە هاتنمان بۆ ئێرە زۆر گرنگ و مەعنەوییە".

ئایدن مەعروف بەمجۆرە بەردەوامی بە قسەكانیدا، "وەک نەوەی سوڵتان بە گرنگمان زانی ئەمڕۆ لە هەولێر لەگەڵ ئەم گەنجانە سەردانی مەزارگەكە بكەین، لێرەوە داوا لە هەموو خەڵكی هەولێر و بەتایبەتی توركمانەكان دەكەم ئەو كەسایەتییە بەنرخە ئەو پیاوە مەزنە كە بۆ ماوەیەكی زۆر لە هەولێر و موسڵ سوڵتان بوو، مەزارگەیەكی هەیە ئەمەش دەرفەتێكی گەورەیە بۆ هەولێر شانازییەكی گەورەیە، بۆیە داوا لە هەموو لایەنەكان دەكەین كە گرنگی بە ڕۆژی لەدایكبوونی ئەم كەسە بەنرخە بدەن و دەبێت ئەم یادە ببێت بە نەریت".

ئایدن مەعروف ئاماژەی بەوەكرد بەسپۆنسەری گروپی میدیایی تەبا لە چوارچێوەی ١ەمین ڕێوڕەسمی ساڵانەی یادی لەدایک بوونی سوڵتان موزەفەرەددین گۆكبۆرو، چەندین چالاكیان دەبێت و لەساڵانی داهاتوودا ئەم ڕێوڕەسمە دووبارە دەكرێتەوە و داوای لەخەڵكی هەولێر كرد ئەمە یادە وەک نەریتێک ساڵانە یاد بكەنەوە.

هاوكات لەهەمان ڕۆژ، ئایدن مەعروف وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پێكهاتەكان، لە ئۆفیسی خۆی پێشوازی لە چەند زانایەكی ئاینی و مێژوونوس و نوسەر كرد، زانایانی ئاینی ئاماژەیان بە كەلەپووری گۆكبۆرو و نەریتی مەولود و ئەو داهێنانانە كرد كە لە كاتی خۆیدا سوڵتان ئەنجامی داوە، هەروەها باسیان لەو پاڵپشتییانەی سوڵتان كرد كە بۆ شاری هەولێر ئەنجامی داون. ئایدن مەعروف هەر لەمیانی یەكەمین ڕێوڕەسمی ساڵانەی یادی لە دایک بوونی سوڵتان موزەفەرەددین، سوپاسنامەی پێشكەشی زانایانی ئایینی كرد.

لەژێر چاودێری وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پێكهاتەكان و بە پۆنسەری گروپی میدیایی تەبا، لە چوارچێوەی ١ەمین ڕێوڕەسمی ساڵانەی یادی لەدایک بوونی سوڵتان موزەفەرەددین گۆكبۆرو لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا لەسەر قەڵای هەولێر مەولود خوێندرایەوە.

هەر یەكە لە ئایدن مەعروف، وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پێكهاتەكان و ئەندامی مەكتەبی سیاسی بەرەی توركمانی عێراقی و ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر و هاكان كاراچای كونسوڵی گشتی توركیا لە هەولێر، ئەمیر عیزەت سەرۆكی لقی هەولێری بەرەی توركمانی عێراقی، هیمداد بیلال ئەندامی پەرلەمانی كوردستان-عێراق لە لیستی بەرەی توركمانی عێراقی، ئەحمەد زەكی ئولاش، نوێنەری وەقفی مەعاریفی توركی لە عێراق و ژمارەیەكی زۆری سیاسەتمەدار و ئەدیب و هاووڵاتی شاری هەولێر بەژداری ڕێوڕەسمەكە بوون.



لە ڕێوڕەسمەكە ئومێد خۆشناو وتەیەكی پێشكەش كرد و ڕایگەیاند، "سوڵتان موزەفەرەددین مێژوویەكی گەورەی شارەكەمانە. ئەو ڕابەر بووە لەم شارە، هەر بۆیەش هەندێک بەها و قیەم و ئەخلاق و پرەنسیبی برایەتی و ئاینپەروەری و مرۆڤ دۆستی و خۆشەویستی نیشتمان و خاک و خۆشەویستی مرۆڤەكان و بەیەكەوە ژیانی توركمان و كورد و كلد و ئاشووری و مەسیحی و ئێزیدی و عەرەب و هەموو پێكهاتەكان ئەو شانازییەكی شارەكەمانە".

پارێزگاری هەولێر وتیشی، "وەكو جەنابی وەزیر باسی لێوەكرد، ئێمە وەكو ئیدارەی شار و پارێزگای هەولێر، بە شانازییەوە جگە لەوەی كە مەزارگەی ئەو پیاوە گەورە و نورانییە لە شارەكەمانە، هەمیشە بە قەدرەوە لە لایەن خەڵک و حكومەتەوە سەیر دەكرێت. ئێمە بە تەئكید لەگەڵ هەمان ئەو بۆچوونەداین، بە یەكەوە هەموو لایەكمان، سوڵتان موزەفەرەددین زۆر دەهێنێتن، هەمیشە ئەو شوێنانەی یان ئەو جێگا گرنگانەی شارەكەمانی بەناو بێتن، بە خۆشحاڵیشەوە چەند شوێنێكیشی بەناوە. شانازییەكە بۆ ئێمە، وەكو خەڵكی هەولێر، وەكو حكومەتی هەرێمی كوردستان یادی ئەو پیاوە گەورەیە بكەینەوە. شوێنكەوتنی ئەو كەسانەی كە ڕابەرایەتییان كردووە لەم شارە، ئێستا بنامەیەكی ئەساسی تێڕوانینی خەڵكی شارەكەمانە. بەها بەرزەكانی خەڵكی هەولێر، هەمووی ڕەنگدانەوەی تێفكرینی ئەو زاتە گەورانە و باب و باپیرانمانە".

هاوكات لەبەردەوامیدا باسی لەوەكرد، جارێكی تر وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین بە ئەنجامدانی ئەم مەراسیمە، تەئكید لەسەر بەرنامەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەینەوە، هەولێری پایتەخت بە هەموو پێكهاتەكانییەوە لای ئێمە گەورە و خۆشەویستە و وتیشی، "بە دڵنیاییشەوە حكومەتی هەرێمی كوردستان بە خزمەت گەیاندن بە خەڵكی هەولێر و شاری هەولێر درێغی ناكات و نەكردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر ئەو دۆخە ئابوورییەی كە ئێستا هەیە ڕەنگە لە هەندێک دەم نەمانتوانیبێت وەكو پێویست لە خزمەتدابین. خەڵكی شاری هەولێر شارەكەی خۆی خۆشدەوێت، برایەتی خۆی خۆشدەوێت، حكومەتەكەی خۆی خۆشدەوێت. حكومەتیش زادەی ئەو خەڵكە ئازیزیە و بەدڵنیاییەوە ئێمە لە خزمەتیان دەبین".

ئومێد خۆشناو لە وتەكەیدا ڕایگەیاند، "بۆیە شانازی بە خەڵكی شارەكەمان دەكەین وە دڵنیایان دەكەینەوە لەسەر ڕاسپاردەكانی جەنابی حكومەتی هەرێمی كوردستان، ئەوەی لە توانامانداببێت بە خزمەتگەیاندن بە خەڵكی شارەكەمان درێغی ناكەین. یەكەمین جاریە یادی لە دایكبوونی ئەو زاتە گەورەیە دەكرێتەوە، هیوادارین ئەم یادە ببێتە هاندانی هەموو لایەكمان بۆ ڕوحیەتی برایەتی و پێكەوەژیان و ئاشتی و تەبایی هەولێرییەكان".

لە كۆتاییدا پارێزگار وتی، "هەولێر هەمیشە پەناگەی لە ئامێزگرتنی خەڵكی شارەكانی تری عێراق و ناوچەكانی دیكە بووە. هەولێر شاری لێقەوماوانبووە و هەر كەسێک ڕووی تێكردبێت، هەستی بە غەریبی نەكردووە، هەستی بە خاوەندارێتیە ماڵەكەی خۆی كردووە، هەولێر ماڵی هەمووانە بە پشتیوانی خوای گەورە و هەموو لایەک هەم خزمەتی خەڵكی شارەكەمان دەكەین، هەم ئەو ناسنامە گەورەیەی شارەكەمان دەپارێزین كە شارێكە ئامێزێک و باوەشێكی دایكانەی میهرەبانە بۆ هەر كەسێک كە بە هەر هۆكارێک ڕووی تێبكات. هیوادارین ئەو یادە پرشكۆیەش ببێتە بەشێكی دیكەی گرنگ لە تۆكردنەوەی برایەتی نێوان پێكهاتەكانی شارەكەمان".

چەند دیمەنێكی ناوازەی سەمای عاریفانە(سەمازەن)

لەدوای پێشكەشردنی وتەكان سەمای عاریفانە(سەمازەن) پێشكەشكرا، ئامادەبووان بە بایەخێكی زۆرە سەیری سەمای عاریفانەیان كرد، ئامادەبووان بە مۆبایلەكانییان نمایشی سەماكەیان تۆمار كرد.

گروپی مەولودی كەركوک میراتی مەولود كە لە گۆكبۆرو ماوەتە دووبارە زیندویان كردووە

گروپی مەولودی كەركوک كە لە لەكەركوكەوە هاتبوون، چەند سرودێكی ناوازەیان پێشكەش كرد لەڕێوڕەسمەكەدا، هەروەها سەمای عاریفانە لە بەشێكی خوێندنەوەی مەولود دووبارە سەمای خۆی پێشكەشكرد، ئەو نمایشە كە لەگەڵ خوێندنەوە مەلود پێشكەشكرا، سەرنجی زۆری هاووڵاتیانی ڕاكێشا میوانەكان بە بایەخێكی زۆرەوە سەیری برگەكانی ڕێوڕەسمەكەیان دەكرد.

لە كۆتایی مەولودەكەدا دەستەكان بەرزكرانەوە بۆ ئاسمان و دوعا خوێندرا.



# دوو گەوهەری قەڵای هەولێر (ئەربیل) نۆژەندەکرێتەوە

هەواڵ: عەبدولسەلام توتونچی/فۆتۆ: عەبدولسەلام توتونچی

قەڵای هەولێر(ئەربیل) یەکێکە لە پێگە شارستانیە بەرچاوەکانی هەولێر، کە خاوەنی ئەو شێوازە تەلارسازی و کارەکتەرێکی بیناسازی گرنگە بە درێژایی ٦٠٠٠ (شەش هەزار) ساڵ زیاتر تا ئەمڕۆکە ژیانی تێدا بەردەوامە، بۆیە دەکرێت بیکەین بە یەکێک لە کۆنترین شوێنی نیشتەجێبوون لە ئاستی جیهان.
لەنێو قەڵاتی هەولێر دیوەخانەکان و تەکیەکان و خانووی کەلەپووری و باڵەخانە گشتییەکان و گەرماو و مزگەوت و خانووی گەورە تێدا بوونی هەیە. بێجگە لەوەش خاوەنی ٣ گەڕەکی فراوانە، ئەوانیش سەرای و تەکیە و تۆپخانە.

لە ساڵی ٢٠١٤ەوە  قەڵای هەولێر لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە، وەک شوێنەوارێکی جیهانی دەستنیشان کراوە، قەڵاکە ماستەرپلانی بۆ دیزاین کراوە، لەدوای ساڵی ٢٠٠٥ و دوای ئەوەی دانیشتووانی قەڵا قەرەبوو کرانەوە، دەست بە پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی کرا، بەڵام وەک هێمایەک بۆ مانەوەی ژیان لەو شوێنە، ماڵباتێک لەناو قەڵا مایەوە. لە ئێستاشدا چەند پڕۆژیەکی نۆژەنکردنەوە لە قەڵای هەولێر جێبەجێ دەکرێت. یەکێک لە کارەکان کە لەئێستدا لە قەڵای هەولێر ئەنجام دەدرێت، نۆژەن کردنەوەی منارەی مزگەوتی قەڵا و گەرماوی قەڵاکەیە. کە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠٢٢.٤.١٤، ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر و شێخ باز شێخ ڕەئوف بەرزنجی، خاوەنی کۆمپانیای کار، لەسەر قەڵای هەولێر، یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنیان بۆ پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی منارەکە لە نێوان پارێزگای هەولێر و کۆمپانیای کار واژۆکرد و بۆ قسەکردن لەو بارەیەوە چاوپێکتنێکمان لەگەڵ هێژا زاهیر، بەرپرسی بەشی شوێنەوار لە قەڵای هەولێر ئەنجامدا.

لە سەرەتای قسەکانیدا هێژا زاهیر باسی لە نۆژەنکردنەوەی منارەی مزگەوتی قەڵای هەولێر کرد و ئاماژەی بەوەدا، "نۆژەنکردنەوەی منارەی قەڵا نزیکەی هەفتەیەکە کاری لێدەکرێت لەلایەن کۆمپانیای "گێما" کاری نۆژەنکردنەوەی بۆ دەکرێت، کە دیارە کۆمپانیایەکی دیاری چیکی-ە کاری تایبەتە بە نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارەکان، هەروەها چەندین خانووی لە قەڵا نۆژەن کردووەتەوە".

هاوکات هێژا زاهیر باسی لە مێژووی منارەکە کرد و ئاماژەی بەوەدا، "سەبارەت بە مێژووی منارەکە لە ئێستادا تیمەکە لێی دەکۆڵنەوە تا بزانن مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەی، بەڵام بەپێی لێکدانەوەکان کاتێک ئایینی ئیسلام هاتووە، شوێنی منارەکە جێگای پەرستشی ئایینێکی دیکە بووە، دواتر کراوەتە مزگەوت و منارەکە دروستکراوە، واتە مێژوویەکی یەکجار کۆنی هەیە منارەکە".



بەرپرسی بەشی شوێنەوار لە قەڵای هەولێر لەبارەی وەڵامی پرسیاری وادەی کۆتایی هاتنی کاری نۆژەنکردنەوەکە وتی، "بەڕاستی منارەکە کاتێکی زۆری دەوێت بۆ نۆژەنکردنەوە، چونکە زۆر بە وردی کاری لەسەر دەکەن و بەهۆی ئەوەی هاوین لە هەولێر زۆر گەرم دەبێت کارکردن تێیدا دەوستێت، بەڵام بە مەزەندەی ئێمە بۆ مانگی ١٠ کارکردن تێیدا تەواو دەبێت".

یەکێکی دیکە لە پرۆژە گرنگەکانی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر نۆژەنکردنەی گەرماوی قەڵای هەولێرە، لە بارەی مێژووی گەرماوەکە هێژا زاهیر وتی، "گەرماوەکە بەپێی دۆکۆمێنتە کۆنەکان عەبدوڵا پاشا کە فەرمانڕەوای ئەم ناوچەیە بووە ساڵی ١٧٠٠ دەڵێت من نۆژەنمکردووەتەوە و شانازی پێوە دەکات، کەواتە بێگومان تەمەنی لەوە کۆنترە کە بە مەزەندەی ئێمە لە تەمەنی ٣٥٠ بۆ ٤٠٠ ساڵ پێش ئێستایە".

شایەنی باسە هێژا زاهیر باسی لە دیزاینی گەرماوەکە کرد و ڕایگەیاند، "گەرماوەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی پێشەوەی هۆڵی پێشوازیکردنە، دواتر ژووری خۆگۆڕین و هۆڵەکەی دواشەوە شوێنی خۆشۆردن بووە، لەم بەشە ژوورێک هەیە پلەی گەرمیەکەی کەمتر بووە بۆ ئەو کەسانەی حەزیان لە گەرمی زۆر نەبووە و بەشێکی بچووکیشی هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە حەزیان نەکردووە کەس بیانبینێت یان کێشەی پێستیان هەبووە لەوێ خۆیان شۆردووە".



هاوکات لەبارەی بوودجەی تەرخانکراو بۆ پڕۆژەکە هێژا زاهیر ئاماژەی بەوەکرد، "نۆژەنکردنەوەکە بە پاڵپشتی کۆنسوڵخانەی ئەمریکا دەکرێت و ئەوان بوودجەیان بۆ تەرخانکردووە، نۆژەنکردنەوەکە پرۆسەیەکی زۆر دوورودرێژە چونکە شوێنێکی شوێنەواری تەواوە و دەبێت بە وردی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئێستا گەیاندوومانەتەوە سەر ئەسڵە کۆنەکەی کە خۆی دروستکراوە چۆن بووە".

بەرپرسی بەشی شوێنەوار لە قەڵای هەولێر وتیشی، "لێرە هێما هەیە لەسەر دیوارەکان کە خودی سیمبوڵەکە کۆنە و بۆ هەشت هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە کە بریتین لە سیمبوڵەکانی ئایینی کۆن، بۆنموونە سیمبوڵێک هەیە کە دوو سێگۆشەیە و تێکەڵ بوون و لە ناوەڕاستیدا گوڵێک هەیە کە ئەمە ئاماژەیە بۆ تێکەڵبوونی ژن و پیاو و دروستبوونی منداڵ، گوڵەکە منداڵەکەیە، ئەمە سیمبوڵی ئایینێکە، هێمایەکی دیکە هەیە کە بەشێوەی ئەندازیاری دروستکراوە".

وتیشی "نۆژەنکردنەوەی گەرماوەکە لەساڵی ٢٠١٦ دەستی پێکردووە، پلانمان وادانابوو کە بە دوو ساڵ تەواوبێت، بەهۆی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆڕۆنا پرۆژەکە وەستا، ئێستا لەو قۆناغەداین کە کۆنکریتی دیوارەکانمان بەتەواوی لێکردووەتەوە و کردوومانەتەوە سەر بنچینە سەرەکییە کۆنەکەی خۆی و ئێستا لە قۆناغی رووپۆشی زەویین".

شایەنی باسە بەپێی بڕیاری کۆنسوڵخانەی ئەمریکا دوای نۆژەنکردنەوەی گەرماوەکە دەبێت گەرماوەکە بەڕووی هاووڵاتیان بکرێتەوە لەم بارەیەوە هێژا زاهیر ڕایگەیاند، "بەپێی ئەو بوودجەیەی بۆی تەرخانکراوە لەلایەن کۆنسوڵخانەی ئەمریکا بۆ ئەوەبووە کە بەکاربهێندرێتەوە، بەڵام ئێمە وەک شوێنەوارناسان ئەوەمان پێ باشە کە بکرێتە مۆزەخانە چونکە ئەگەر وابکەین وەک گەرماو بەکاربێتەوە ئەوا گەشتیارێکی زۆر لە بینینی بێبەش دەبێت".

دەربارەی ئەوەی کێ گەرماوەکەی بەکارهێناوە، بەرپرسی بەشی شوێنەوار لە قەڵای هەولێر، هێژا زاهیر دەڵێت، "بەپێی دۆکۆمێنتەکان لەسەر قەڵا ٥١٢ ماڵ هەبووە و هەموو ئەو ماڵانە سوودیان لەو گەرماوە وەرگرتووە و چونکە لە ماڵەکاندا گەرماوی تایبەت نەبووە و ئاو گەرمکردن لەو سەردەمەدا قورس بووە بۆیە هەموویان ئەمەیان بەکارهێناوە".
لەلایەکی دیکەوە هێژا زاهیر باسی لە دووبارە ژیانکردن لە قەڵای هەولێر کرد و باسی لەوەکرد، "یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی قەڵا کە تائێستا ژیانکردن تێیدا بەردەوامە، چەندین قەڵا لە جیهان هەن بەڵام ئەوەی قەڵای هەولێر جیا دەکاتەوە لە قەڵایەکانی دیکە لە هیچ سەردەمێک نەبووە ژیانکردن لە قەڵای هەولێر نەبێت بەردەوام ژیانی تیادا بووە، بۆیە ئێمەش نابێت ئەم تایبەتمەندییە لاببەین، گەر ژیان کردن لە قەڵا بوەستێت ئەویش لە لیستی شوێنەوار نامێنیت".

هاوکات وتیشی، "لە ئێستادا دوو خێزان بەبەردەوامی لەسەر قەڵای هەولێر دەژین، بۆ ئەوەی ژیان کردن بەردەوام بێت لە ئێستادا ئەو دوو خێزانە لێرەن، دواتر کاتێک نۆژەنکردنەوەی خانووەکانی قەڵات تەواو دەبێت بڕیار دراوە ٧٠ خانوو تایبەت بکەین بۆ خەڵک کە تیایدا بژین".

لەکۆتاییدا هێژا زاهیر بەرپرسی بەشی شوێنەوار لە قەڵای هەولێر لەبارەی پرسیاری هاووڵاتیان کە دەڵێن بۆچی پەیکەری ئیبن مستەوفی لە بەردەم دەرگای قەڵای هەولێر لابرا وتی، "ڕوخاندن و دووبارە دروستکرنەوەی دەرگای گەورەی قەڵا کە پرۆژەیەکی زۆر گەورە بوو خەڵکێکی زۆر پرسیاریان لا دروست بووە کە بۆچی رووخاندمان یاخود بۆچی پەیکەری ئیبن مستەوفی لادرا، دەمەوێت لێرەوە بڵێم ئەو شتانە ڕەسەن نەبوون و تایبەت نەبوون بەقەڵا دەستکاری کرابوو و ئەو دوو شتە لەستایلی قەڵا دووربوون".

# ڕۆمیۆ هەکاری: زۆربەی داواکارییەکانی هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردن بۆ دواخستن و کەمکردنەوەی کورسی کۆتاکانە و خرایە بەر باس

ئامادەکردن: زیا عوزێری

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی نەتەوەیی لەسەر پرسی کورسی کۆتاکان و بابەتی هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردن و فرەبازنەیی ئاماژەی بە بۆچوون و سەرنجی فراکسیۆنەکەی خۆیان دا.

لەوبارەیەوە لەمیانی بەشداریکردنی لە پرۆگرامی دیالۆگ لە رادیۆ تەبا، رۆمیۆ هەکاری، سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی و سەرۆکی پارتی بێت نەهرێن وەکو سەرەتایەک لەبارەی مێژووی کورسی کۆتای پەرلەمانی کوردستانی عێراق وتی، "مێژووی پیادەکردنی کورسی کۆتای پەرلەمان لەهەرێمی کوردستان بۆ خولی دووەمی پەرلەمانی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٩ دەگەڕێتەوە. بەڵام بۆ ئاشوورییەکان ئەوکات بۆ یەکەمین پرۆسەی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ دەگەڕێتەوە و ئەو کاتە ئاشوورییەکان ٥ کورسییان هەبوو. بەداخەوە بەهۆی شەڕی براکوژی و کێشەی حیزبە سیاسییە کوردی و کوردستانییەکانەوە خولی یەکەمی پەرلەمان تەمەنەکەی ١٢ بۆ ١٣ ساڵ بوو".

هاوکات هەکاری دەشڵێت، "دواتر لە خولی دووەم ئاشوورییەکان بەهەمان شێوە ٥ کورسییان هەبوو تاوەکو ئێستاش ئەو ٥ کورسییە بەردەوامە. پاشان لە خولی دووەم خوشک و برایانی تورکمان لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٩ پێنچ کورسییان هەبوو".

**"کورسی کۆتاکان بیانەوێت یاخود نا دەبێت لەیەکتر نزیک بن و بەرگری لەیەک بکەن لەکاتی داواکردنی مافەکانیان"**

سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی لە پڕۆگرامی دیالۆگ ئاماژەی بە بۆچوونی خۆی لەسەر کورسی کۆتا دا و وتی، "پێموایە کۆتا شتێکی باشە بۆ زیاتر نزیککردنی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان بەحوکمی ئەوەی کە هەموویان هەمان کێشە و گرفت و داواکارییان هەیە. بۆیە بیانەوێت یاخود نا دەبێت لەیەکتر نزیک بن و بەرگری لەیەک بکەن لەکاتی داواکردنی مافەکانیان لەسەر هەموو ئاستێک".

**"کاتی خۆی داوامان کرد سندوق و تۆماری دەنگدەران و رۆژێکی تایبەت هەبێت بۆ کورسی کۆتاکان، بەڵام ئەوکات سەرجەم حیزبە کوردییەکان لەدژی ئەمە بوون"**

رۆمیۆ هەکاری لە وەڵامی پرسیاری، "ئایا خەڵکی کلد و ئاشوور لە کورسی کۆتاکان رازین؟" رایگەیاند، "خەڵک لە هەرێمی کوردستان بە هەموو نەتەوەکانەوە هەمان تێڕوانینی هەیە. لە خولی دووەم ئێمە شەڕێکی زۆرمان کرد کە گەلی ئێمە دەنگ بە نوێنەرانی بدەن. هەروەها داواشمان کرد رۆژێکی تایبەت هەبێت بۆ هەڵبژاردن وەک هەڵبژاردنی تایبەت بۆ هێزە سەربازییەکان. هەروەها داوامان کرد سندوق و تۆماری تایبەت هەبێت. ئەوکات سەرجەم حیزبە کوردییەکان لەدژی ئەمە بوون. دواتر نەتەوە یەکگرتووەکانیش رایانگەیاند کە ئەمە جیاوازیکردنە لە مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەیەکی دیاریکراو".

هەر لەبارەی پرسیارەکە وتیشی، "ئەوکات من رامگەیاند کە ترسم هەیە حیزبە گەورەکان بە کەیفی خۆیان بتوانن کورسییەکان بجووڵێنن و ئەوەی بیانەوێت کورسییەکەیان پێبدەن و بە شێوەیەکی فیعلیش ئێستا وەهای لێهاتووە".
هەکاری وتیشی، "لەم خولە داوامانکردووە ١٠ بۆ ١٥ کورسی بۆ خۆمان و بۆ تورکمانیش بێت بۆ ئەوەی بتوانین کورسی کۆتاکان ببن وەکو میزانێک بۆ حیزبە کوردییەکان کە زۆرجار پێکهاتنیان لەنێوانیاندا نییە لە زۆرێک لە بابەتەکان".



**"لە هەر ١١ کورسییەکەی کۆتا رازی نیم، دەبوایە باشتر و گورجوگۆڵتر و ئازاتر باین نەک وەکو ئەوەی کە ئێستا هەیە"**

رۆمیۆ هەکاری ئەوەشی خستەڕوو کە ئەو وەکو خۆی لە هەر ١١ کورسییەکەی پەرلەمان وەکوئەدا رازی نییە و راشیگەیاند،"دەبوایە باشتر و گورجوگۆڵتر و ئازاتر باین نەک وەکو ئەوەی کە ئێستا هەیە". هەکاری دەشڵێت، "ئێستا حیزبە کوردییەکان خۆیان لەنێوان خۆیاندا رێکناکەون و پەنا بۆ کەمکردنەوەی کورسی کۆتاکان دەبەن. من پێموایە ئەمە چارەسەر نییە و ناکرێت تۆ هەڵە بە هەڵە چارەسەربکەیت".

**"ناکرێت کێشەی نێوان ئەو چوار پێنچ پارتە بە کەمکردنەوە یاخود زیادکردنی کورسی کۆتا چارەسەر بکرێت"**

لەبارەی یاسای هەڵبژاردن و دەستکاریکردنی ئەو یاسایە بۆ خولی داهاتوو پەرلەمان سەرۆکی حیزبی بێت نەهرێن وتی، "داوامان کردووە بۆ ئەم خولی هەڵبژاردنە هەمان یاسا کۆنەکە بێت و دەستکاری یاساکە نەکرێت لەبەر دوو هۆکار؛ یەکەمیان، خەڵکانیک خۆیان ئامادەکردووە باسی کەمکردنەوەی کورسی کۆتاکان بکەن. هەموو فراکسیۆنەکانی تورکمان و کلد و ئاشوور هاوپەیمانی پارتی دیموکراتی کوردستانن. کاتێک تۆ هاپەیمانیت هەیە لەگەڵ لایەنێک، پێویستە هەموو پێکەوە کار بکەن و بەرگری لە ئامانج و تێڕوانینی پارتەکە بکەن و ئەویش بەهەمان شێوە. بۆیە ناکرێت کێشەی نێوان ئەو چوار پێنچ پارتە بە کەمکردنەوە یاخود زیادکردنی کورسی کۆتا چارەسەر بکەن".

**"بەشی زۆری ئەوانەی کە داوا دەکەن یاساکە هەمواربکرێت بۆ دواخستن و کەمکردنەوەی کورسی کۆتاکانە"**

سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی دەشڵێت، "دووەم هۆکار بۆ جێهێشتنی یاسای هەڵبژاردن وەکو خۆی ئەوەیە کە لەدڵەوە پێمخۆش نییە کە بۆ هەفتەیەکیش پرۆسەی هەڵبژاردن دوابکەوێت. چونکە ناکرێت و بەشێوەیەکی تەواو دژی بنەماکانی دیموکراسیەتە. بۆیە پێموایە بەشی زۆری ئەوانەی کە داوا دەکەن یاساکە هەمواربکرێت بۆ دواخستن و کەمکردنەوەی کورسی کۆتاکانە".

**" هەمووومان چەند قۆناغێکی دیکەمان ماوە بۆ ئەوەی ئێمە بڵێین مافەکانمان یەکلایی بووەتەوە"**

رۆمیۆ هەکاری، سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی لەسەر پرسیاری "سوود و دەستکەوتی کورسی کۆتاکان چی بووە؟" رایگەیاند:
"بەداخەوە تاوەکو ئێستا نە کورد نە کلد و ئاشوور و نە تورکمان باوەڕناکەم دەستکەوتێکی وەهای هەبێت. لەڕووی پێکەوەژیان و قبوڵکردنەوە بەڵێ ئێمە وەکو هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی زۆرێک لەو کێشانە بە پشتگیری هاوپەیمانەکەمان چارەسەرمانکردووە. بەردەوامین لە سەردانیکردنی گوندی کلد و ئاشوورییەکان و گواستنەوەی کێشەکانیان بۆ لایەنی پەیوەندیدار. راستییەکیش هەیە کە هەموو جارێک حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە پاڵپشت و پشتگیر بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. بەڵام لەهەمان کاتدا کوردیش سەد لە سەد نەگەیشتووەتە ماف و ئیمتیازاتەکانی خۆی. ئێستا کورد لە کلد و ئاشوور و تورکمان زیاتر خۆی بە مەزلوم دەزانێت. هەمووومان چەند قۆناغێکی دیکەمان ماوە بۆ ئەوەی ئێمە بڵێین مافەکانمان یەکلایی بووەتەوە".

**تێبینی: دەتوانن لە پەڕەی فەرمی TEBA FM رادیۆی تەبا، بینەری تەواوی چاوپێکەوتنەکە بن.**

# چۆڵاکئۆغلو، شاعیری گەورەی تورکمان باسی ئەدەبیاتی تورکمان دەکات

هەواڵ: بارزان قاوەچی



رەزا چۆڵاکئۆغلو، گەورە شاعیری تورکمان، رایگەیاند کە زۆربەی هەرە زۆری شاعیرەکان زیاتر گرنگی بە خۆریات دەدەن و بە رێژەیەکی کەمتر شیعری بە کێش و قافیە دەنووسرێت.

چۆڵاکئۆغلو وەکو یەکێک لە شاعیرە مەزنەکانی تورکمان، لە بەرنامەی بێ مەودا بووە میوانی بارزان قاوەچی. ئەو شاعیرە لە پڕۆگرامەکەدا باسی ژیانی خۆی، بۆچوونی شیعری و دۆخی ئەدەبیاتی تورکمانی هاوچەرخ کرد. چۆڵاکئۆغلو ئاماژەی بەوەکرد، گرنگی بە هەموو لقەکانی شیعر دەدات و وتیشی، "لە گشت لقەکان شیعرم نووسیوە. جگە لە شیعر، کتێبم لەسەر کورتە چیرۆک، یادگاری، توێژینەوەی فۆلکلۆری و زمان نووسیوە. لەبەر ئەوەی کە شیعر بۆمن لە پێش هەموو شتێکە هەوڵمدا نوێگەری ئەنجام بدەم لەم بوارەدا. بۆ یەکەمجار لە ئەدەبیاتی تورکمانی عێراق توانیم خۆریاتی ١٠ بڕگەیی بنووسم. جگە لەمەش من یەکەم کەسم کە چیرۆکی کۆمیدیم نووسیوە لەم ئەدەبیاتەدا. هاوکات یەکەم شانۆی شیعریم بەخشییە ئەدەبیاتی تورکمان".
گەورە شاعیری تورکمان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە شیعرەکانیدا زیاتر گرنگی بە بابەتی میتۆلۆژی و کۆمەڵایەتی دەدات و رایدەگەیەنێت:

"لە خوالێخۆشبوو فەلەکئۆغلوەوە فێرە نووسینی شیعری نیشتمانپەروەری بووم. زۆربەی شیعرەکانم بابەتی نیشتمانی لەخۆ دەگرێت. جگە لەم بابەتە شیعرم لەسەر خۆشەویستی، بابەتی کۆمەڵایەتی و مرۆیی نووسیوە. چەند دیوانێکم هەیە لەسەر خۆشەویستی".

فەلەکئۆغلو کە شیعر بە کێشی بڕگە دەنووسێت، ئاماژەی بەوەکرد کە لە سەرەتاکان دژی شیعری سەربەست بووە بەڵام دواتر بۆچوونەکەی سەبارەت بەم بابەتە گۆڕاوە، لەمبارەیەوە دەڵێت، "تێبینی ئەوەم کرد کاتێک هەموو کەسێک شیعری ناتەواو بە شێوازی سەربەست دەنووسێت، لە ئەدەبیاتی جیهانی شاعیرە گەورەکان بە شیعری سەربەست بەناوبانگن. بۆ نموونە لە ئەدەبیاتی تورکی نازم حیکمەت و ئۆرهان وەلی قانق بەم شێوازە شیعریان نووسیوە و ئەوان بایەخێکی تایبەتییان هەیە. گرنگ ئەوەیە ئەوان یەکەمجار بە کێشی بڕگە و عەروز شیعریان نووسیوە و دواتر روویان لە شیعری سەربەست کردووە. ئەم شتە لە ئەدەبیاتی عەرەبیش بەدی دەکرێت کە بەدر شاکر سەییاب بە هەمان شێوە یەکەمجار بە عەرِوز نووسیویەتی و دواتر بە سەربەست ناوبانگی خۆی زیاتر کرد. بۆچوونی من ئەوەیە کە شاعیر یەکەمجار شیعرە بە کێشەکانی بڕگە و عەڕوز خۆی تاقی بکاتەوە و بگاتە ئاستێکی ناوازە، ئینجا شیعر بە کێشی سەربەست بنووسێت".

چۆڵاکئۆغلو لەبارەی دۆخی ئەدەبیاتی تورکمانی عێراق هەڵسەنگاندنی خۆی کرد و رایگەیاند، "ئەدەبیاتی تورکمانی عێراق، ئەدەبیاتێکە کە شاعیری وەکو فزوڵی کە بە سوڵتانی شاعیرەکان ناسراوە، پێبگەیەنێت. ٢٠ ساڵ بەر لە ئێستا ئەدەبیاتی تورکمان لە دۆخێکی متمانەپێکراودابوو. بەڵام لە ئەدەبیاتی تورکمانی هاوچەرخ زیاتر خۆریات بەدی دەکرێت کە ئەمەش وا دەکات بە چاوێکی تر سەیری ئەم ئەدەبیاتە بکەم".

سەبارەت بەو شاعیرانەی کە لەلایەن ناوبراوەوە زیاتر پەسەندن، چۆڵاکئۆغلو دەڵێت، "بەم دواییانە شاعیرێک دەرکەوتووە بەناوی عەلی رەزا چۆڵاکئۆغلو کە شیعر هەم بە کێش و قافییە دەنووسێت هەمیش بە کێشی سەربەست. بە داخەوە لە ئێستادا زۆربەی شاعیرەکانمان دوورن لە کێش و قافییە و زیاتر خۆریات دەنووسن کە ئەمەش جێگەی داخە. منیش خۆریات دەنووسم بەڵام نابێت ئەمە بەپێش شیعرەکانی تر بکەوێت. داوا دەکەم شاعیرەکانمان گرنگی بە شیعرەکان بدەن".

رەزا چۆڵاکئۆغلو، گەورە شاعیری تورکمان لە کۆتاییدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە ئەدەبیاتی تورکمان کێشەی بەرهەمهێنان هەیە و دەبێت لە بڕی خۆریات زیاتر گرنگی بە شیعر بدرێت.

# کارەبا و هاوشێوەکانی.. خەمی هاوبەشی عێراقییەکان



عەبدولقادر حەجیئۆغلو

دەمەوێت ئاماژە بە بابەتی کارەبا و چەند وشەیەکی هاوشێوەی بدەم کە لە سالانی ١٩٩١ بۆ ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمریکای بەرگریکاری دیموکراسیەتی جیهان، دوای ئەوەی دیموکراسیەتی هێنایە عێراق و ژێرخانی وڵاتی وێران کرد.

## ناوە جیاوازەکان

قسەو باسی وڵاتی خۆمانم بۆ کەسێکی بیانی دەکرد کە تازە ئاشناییمان بۆ یەکتر پەیاکردبوو. بیانییەکە لە پڕێکدا دەستی بە خۆهەڵکێشان کرد لەبارەی وڵاتەکەی خۆی و باسی لەوەکرد کە لە وڵاتەکەی ئەودا "١٠ جۆری جیاوازی فلان میوە لە وڵاتەکەی بوونی هەیە، چوار ناوی هەیە، یەکێکی دیکە نازانم چەند ناوی هەیە و ئەوەندە جۆری هەیە..."، بەڕاستی لەوکاتەدا خەسڵەت بووم. بەتایبەتی منێک کە هەمیشە حەز دەکەم لووتی کەسانی لووت بەرز بشکێنم. بەهەمان ریتمی ئەو راستەوخۆ وەڵامم دایەوە و وتم، "جا ئەمە چییە براکەم؟ لە وڵاتەکەی ئێمە تەنها کارەبا ٦ جۆر و ناوی جیاوازی هەیە". لەو کاتەدا کەسە بیانییەکە بە سەرسووڕمانەوە تەنها "چۆن؟"ی پێوترا.

بێگومان وەڵامی پرسیارەکەی ئەو بەهۆی ئەزموونی ساڵانێکی زۆرەوە بێگومان ئامادەیە، "لەلای ئێمە کارەبای "رەئیسی" هەیە کە هەندێکیان کارەبای نیشتمانیی پێدەڵێن، کارەبای مۆلیدە هەیە کە بێگومان ئەویش هێڵی زێرینی هەیە، کارەبای بەیانیی هەیە، کارەبای ئاسایی و مۆلیدەی ماڵەوەشمان هەیە". کاتێک بەو شێوەیە بۆم شیکردەوە، لە بەرامبەرمدا سەری سووڕما و رایگەیاند، "بەڕاستی کارەباگەلێکی هەمەچەشنتان هەیە".

لەوکاتەدا من وەکو بڵێیت سەرکەوتنێکی گەورەم بەرامبەر بە بیانییەکە تۆمارکردبێت خۆم بەسەریدا هەڵکێشا بەلام لەڕاستیدا تەنها خەڵکی وڵاتەکەم لەو بارودۆخە ئازاربەخشە تێدەگات.

## فیوز

ئاگاداربن! ئەم وشەیە لەگەڵ گۆرانیبێژ فەیروز تێکەڵ مەکەن کە بەیانییان لە رادیۆکانتانەوە گوێبیستی دەبن. فیوز بە مانای (Electric fuse) دێت و ئەم وشەیە دوای ئەوە کەوتە سەر زمانی عێراقییەکان لەکاتێکدا ئەمریکا لە نێوان ساڵانی ١٩٩١ و ٢٠٠٣ هێرشی کردە سەر سیستەمی کارەبایی عێراق لەپێناو رووخاندنی رژێمی سەدام.
سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق بە عەرەب، کورد، تورکمان، شیعە، سونە، موسڵمان و کریستیانەکان هەر هەموویان رۆژانە سێ جار وشە سیحراوییەکە بەکاردەهێنن کە فیوزە و لەگەڵ تێپەڕبوونی کات وشەکە پەرەسەندنی بەخۆیەوە بینی و لە ئێستادا دوو جۆری هەیە.
کاتی خۆی وشەی فیوز وەکو ئەوەی لە دەسپێکی وتارەکەمدا باسمکرد کە بۆ مۆلیدەی کۆڵانان، کارەبای بەیانییان و کارەبای ئاسایی بەکاردەهات، بەڵام لە ئێستادا لەگەڵ کارەبای رەئیسیش بەکاردێت. لەمەودوا فیوزی مۆلیدە و فیوزی رەئیسیش بەشێکە لە ژیانی رۆژانەمان، ماوە ماوە دەبێتە هۆی تاریکی ژیانمان، بەڵام بەهەمان شێوە لەڕووی زمانەوانییەوە دەوڵەمەندیی بەخشیوە. ئەمەش هۆکارێکە بۆ دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی زمانەوانیمان و زیادبوونی وشەیەکی دیکە.

## چۆن فێری وشە نوێیەکە بووم؟

بەیانییەکی زوو لە خەو هەڵسام و دەستمکرد بە ئامادەکردنی خوانی بەیانی. لە ماڵەوە گیزەر داگیرسابوو کە لەلایەن هەموو عێراقییەکان لە نزیکەوە شتێکی ناسراوە. لەگەڵ ئەو هیتەر داگیرسابوو. منیش بە ئەسپایی پەنیرەکەم خستە ناو سەمونەکە و هەوڵی دروستکردنی تۆست بووم و ئامێری دروستکردنی تۆستەکەم داگیرساند، خۆزگە نەمگیرساندبا! ئەزانن بۆ؟ چونکە راستەوخۆ کارەباکە کوژایەوە. لە ناخی خۆمەوە وتم لەوانەیە کارەبای مۆلیدە بێت و راستەوخۆ وەکو هەموو عێراقییە داماوەکان ماسیحەکەم(هیشککەرەوە) گرتەدەست بۆ هەڵکردنەوەی فیوزی کارەباکە کە بۆڕدی فیوزەکان لە سەرەتای کۆڵانەکەمان بوو. کاتێک گەیشتم بۆم روون بووەوە کە فیوزی نەکردووە.

کاتێک گەڕامەوە، هاوسەرەکەم پێمی راگەیاند کە فیوزی کارەبای رەئیسییەکەیە. لە سەرەتادا سەرم سووڕما، دواتر وتم "ئەمە چۆن کارەبای رەئیسی فیوزی دەبێ؟" و لەو کاتەدا دڵخۆشی دامیگرت کە رستەیەکی نوێ هاتە نێو پرۆگرامی زمانەوانیمان.

## دار ماسیحە

لە هەموو جیهاندا ماسیحە بۆ خاوێنکردنەوەی زەوی بەکاردێت بەڵام تەنها لەلای ئێمەی عێراقییەکان بۆ ئامانجێکی دیکەش بەکاردێت. خوێنەر بێگومان دەزانێت باسی چی دەکەم بەڵام من دەمەوێت روونی بکەمە، بەشی سەرەوەی دار ماسیحە بۆ هەڵکردنی فیوزی کارەبا بەکاردێنین.

گەر رۆژێک لە سەرەتای کۆڵانێک دابنیشیت و چاودێری بکەیت، بۆت دەردەکەوێت کە لە ماوەی یەک کاتژمێردا چەند ئافرەت، منداڵ و پیاو بە ماسیحەکەیەوە کە بە سەراوژێر گرتوویەتی و بەرەو بۆڕدی فیوزەکان هەنگاو دەنێت لەپێناو هەڵگیرساندنەوەی کارەباکەی. بێگومان ئەم کردارە دوای ئەوە دێت کە رستە ئاڵتوونییەکە "فیوزی کرد" دەبیستیت. لەداهاتوودا سەرتان نەسوڕمێت گەر رۆژێک ماسیحە ببین کە لە بەشی خوارەوەیدا بە زمانی چینی ( 刪除地點 ) (بۆ هیشککردنەوە) و لە بەشی سەرەوەشیدا 為伊拉克人民 拆除保險絲 (تایبەت بە عێراقییەکان – بۆ هەڵکردنەوەی فیوز بەکاردێت) نووسرابێت.

کەس نازانێت لە داهاتوودا لەڕووی زمانەوانییەوە ئەم میللەتە داماوە چ جۆرە وشەیەکی تایبەت بە کارەبا لەخۆدەگرێت. خودا هەمووتان لە فیوز بەدووربگرێت.

# گۆڤاری ماڤی: رەنجی گرووپێکی گەنج

هەواڵ: بارزان قاوەچی

لە کەرکوک گرووپێکی گەنج هەوڵی ئەوە دەدەن نوێگەری لە میدیایی تورکمانی ئەنجام بدەن. ستافی گۆڤاری ماڤی کە لە گەنجانی خۆبەخش پێکهاتوون، پەرە بە کارەکانیان دەدەن لە بواری میدیایی.

وەکو رۆژنامەی تەبا بۆ ناسینی ئەو گروپە گەنجە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەحمەد شخلەر، بەڕێوەبەری گشتی گروپی میدیایی ماڤی و یڵدرم موراتڵی، یاریدەدەری بەڕێوەبەر ئەنجامدا.

ئەحمەد شخلەر، لەبارەی سەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆکەی گۆڤاری ماڤی رایگەیاند، "گۆڤاری ماڤی بۆ یەکەمجار بە ئامانجی پێگەیاندنی نەوەی گەنج هاتە کایەوە. ئێمەی تورکمان هەر لە سەرەتایی بوونمانەوە تاوەکو ئێستا بە کلتوور و هونەرمان ناسراوین. بەڵام بە داخەوە ئەوەمان بەدیکرد کە کلتوور و هونەرمان لە ژێر هەڕەشەیەکی گەورەیە و نەوەی داهاتوو بێ ئاگا لەمە پێدەگات. دوای ئەوەی ئاگاداری ئەم مەترسییە بووین گروپی میدیای ماڤیمان دامەزراند و وەکو یەکەم هەنگاو گۆڤاری ماڤیمان دەرهێنا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی راست و دروست کلتوور و هونەرمان بگەیەنین بە گەنجان، پەرەیان پێبدەین و میراتەکەمان لەدەست نەدەین".




شخلەر باس لەوە دەکات کە دەیانەوێت نووسەری گەنج پێبگەیەنن و بۆ ماوەیەکی زۆر لە چاپ بەردەوامبن و باسی لەوەشکرد، "لە تورکمەنئێلی نووسەر و ئەدیبی زۆر گەورەمان هەیە بەڵام کە سەیری واقعەکە دەکەین دەبینین دوای ئەوان کەس نییە شوێنیان پڕبکاتەوە. بەم هۆیەشەوە وەکو گۆڤاری ماڤی دەمانەوێت توێژێک پێکبهێنین کە نووسەرە گەورەکانمان بتوانن زانیاری و لێهاتوویی خۆیان بۆ ئەو توێژە وەکو میرات بەجێبهێڵن. گۆڤاری ماڤی، بەئامانجی رێگری کردن لە لەناوچوونی میراتی کلتووری، پێگەیاندنی نووسەری گەنج، هاندانی گەنجان بۆ خوێندنەوە و گەیاندنی کلتوورمان بۆ نەوەی داهاتوو، دامەزراوە".

ئەو بەڕێوەبەرە گشتییە، ئاماژە بەوە دەکات کە دەیانەوێت لە رێگەی بابەتەکانی ناو گۆڤارەکە کە لە بابەتی کۆمەڵایەتی، کلتووری، ئەدەبی و زانستی پێکدێت، دوور لە سیاسەت سەرنجی گەنج بۆ ئەم بوارانە رابکێشن و پلاتفۆرمێک بۆ گفتوگۆی بە سوود درووستبکەن.

شخلەر، ئەوەی وەبیرهێنانەوە کە یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە تەنها بە زمانی تورکی دەرهاتووە بەڵام بەهۆی پێویستی جوگرافی لە ژمارەی دووەمەوە بە زمانەکانی تورکی و عەرەبی بەردەوامبوون و تاوەکو ئێستا گۆڤارەکە ٥ ژمارەی لێدەرچووە.
وتیشی، "زیاتر لە ٧٠ نووسەرمان هەیە. گۆڤارەکە نەک تەنها لە تورکمەنئێلی بەڵکو لە زۆربەی شارەکانی تورکیاش دەگات بە خوێنەرەکانمان. هەروەها بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ فۆڵۆوەرسەکانمان بە زیندوویی بهێڵینەوە، لەسەر سۆشیال میدیا چالاکی پرسیار و وەڵام ئەنجام دەدەین".

ئەحمەد شخلەر، بەڕێوەبەری گشتی گروپی میدیای ماڤی، سەبارەت بە پرۆژەکانیشیان رایگەیاند، "پرۆژەی ماڤی مێدیا تەنها لە گۆڤار پێکنایەت و زۆر لەمە گەورەترە. گروپی میدیایی ماڤی لە ٥ بوار پێکهاتووە کە ئەمانەن؛ گۆڤاری ماڤی، ماڤی تیڤی، ماڤی هەواڵ، ماڤی ئێف ئێم و ماڤی پرۆداکشن. لەبەر کەمی تواناکان ئێف ئێم و پرۆداکشن لە ئێستادا ئەکتیڤ نین. بەڵام لە بابەتی تیڤی نوێگەریمان ئەنجامدا و بە پێی پێویستی سەردەم لە جیهانی دیجیتاڵ لەگەڵ بینەرانمان شادبووینەوە بە پرۆگرامی فێرکاری، بایۆگرافی، ریپۆرتاژ و کاری تایبەت. لە بواری هەواڵی بە زمانەکانی تورکی و عەرەبی هەواڵەکانی جیهان، عێراق، تورکمەنئێلی و وەرزش بڵاودەکەینەوە".

هاوکات یڵدرم موراتڵی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی گروپی میدیایی ماڤی، لەبارەی سەرهەڵدانی گۆڤارەکە رایگەیاند، "بیرۆکەی گۆڤاری ماڤی بەهۆی پێویستی هاتە ئاراوە. لە تورکمەنئێلی میدیا وەکو پێویست نییە و ئێمەش ویستمان بە زوویی بۆ ئەم بابەتە هەنگاو بنێین".

موراتڵی باس لەوە دەکات کە هەوڵ دەدەن زیاتر پەرە بە زمانی تورکی بدەن و گەنجەکان بۆ ئەو زمانە هانبدەن. دەشڵێت، "ئەرک و ئامانجی گۆڤاری ماڤی بریتییە لە نوێگەری و گرنگیدان بە گەنجان. ئەرکمان ئەوەیە کە ژمارەی نووسەرانمان زیاتر بکەین، جۆرەکانی نووسراو لە دەرەوەی سیاسەت زیاتر بکەین و بابەتی کۆمەڵایەتی، کلتووری، ئەدەبی و زانستی زیاتر بێت، پلاتفۆرمێک پێکبهێنین بۆ گەنجەکانمان کە بتوانن بنووسن و گفتوگۆ ئەنجامبدەن، پەرەدان بە خوێندن و نووسینی گەنج، بەهرەکانی گەنجان زیاتر بێت و دووربن لە تەمبەڵی، پێکهێنانی کەشێک کە بێ جیاوازی رەگەز هەموو کەس تیایدا بەشداربێت، ئەمانە گرنگترین ئەرکەکانمانن".

یڵدرم موراتڵی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی گروپی میدیایی ماڤی، باسی لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیانی کرد و وتی، "گروپی میدیایی ماڤی تەنها لە بوارەکانی میدیا کارناکات بەڵکو چالاکی کۆمەڵایەتیش ئەنجام دەدەین. پێشانگای کتێب و نیگارکێشیمان کردەوە و پەرەمان بە لایەنی کلتووری و هونەری داوە".

# بازاڕی کتێب فرۆشان لەناو جەرگەی هەولێر (ئەربیل)

هەوال: نورخان کەرخی/فۆتۆ: ئەحمەد سیروان



بازاڕی کتێب فرۆشانی خوار قەڵای هەولێر (ئەربیل) یەکێکە لەو شوێنانەی کە کتێب دۆستان زوو بە زوو سەردانی دەکەن.

لەو بازاڕەدا کە نزیکەی ٢٠ دوکان بوونی هەیە، خوێنەران دەتوانن بگەن بە جۆرە جیاوازەکانی کتێبی سیاسی، مێژوویی و ئەدەبی وە زۆر جۆری تر.

بازاڕی کتێب فرۆشان بە درێژایی ڕۆژ سەردانیکەری زۆرە و ئەم بازاڕە بەم تایبەتمەندییە ناسراوە. کتێب دۆستان بە گەڕان لە نێو ڕەفی کتێبەکان کاتەکانیان بەسەر دەبەن.

بوێر حەسەن کە کتێب فرۆشە لە بازاڕەکە، سەبارەت بە پیشەکەی بۆ تەبا دوا و ئاماژەی بەوە کرد کە لە ساڵی ١٩٩٧ەوە دوکانیان لەم بازاڕە هەیە و وتی، "باوکم لە ساڵی ١٩٩٧ دەستی بەم کارە کرد. منیش لە ساڵی ٢٠٠٧ دەستم پێکرد و نزیکەی ١٥ ساڵە بەردەوامم".

ئەم کتێب فرۆشە، باسی لەوە کرد کە کتێبیش وەکو نان و خەوتن پێویستییەکی ژیانە، ڕاشیگەیاند، "هەر چەندە وا دیارە کە خەڵک خوێندنی کتێب پشتگوێ دەخات بەڵام لە ئێستادا دەبینین خواستێکی زۆر هەیە بۆ کتێب".

بوێر حەسەن، جەختی لەوەشکردەوە کە لە هەموو بابەتێک کتێبیان هەیە بەڵام زیاتر کتێبی مێژوویی و سیاسی کڕیاری زۆرە.

وتیشی، "هەر کتێبێک خاوەن خوێنەری تایبەتی خۆیەتی. گەنجەکان سەدا ٧٠ی سەردانیکەران پێکدەهێنن، سەدا ٢٠یش قوتابین، ئەو سەدا ١٠یەی کە ماوەتەوە کەسانی بە تەمەنن".

سەبارەت بە خواستی گەنجانیش ڕایگەیاند، "خوێنەرە گەنجەکان زیاتر حەزیان لە کتێبەکانی دەروونناسی، ئایینی و فەلسەفەیە".

بوێر حەسەن، ئەوەی وەبیر هێنایەوە کە هەموو ساڵێک لە هەولێر و سلێمانی پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب دەکرێتەوە، ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەوان نزیکەی ٧٠٠ کتێبیان چاپکردووە و ساڵانە بەشداری پێشانگاکە دەکەن.

بۆتان سلێمان، یەکێکی تر لە کتێب فرۆشەکانی ناو بازاڕەکەیە، تایبەت بە پیشەکەی ڕایگەیاند، "نزیکەی ٢٥ ساڵە کاری کتێب فرۆشی دەکەین. کە دەستمان بەم کارە کرد ئەم شوێنە زۆر قەرەباڵغ نەبوو. براکەشم دوکانێکی هەبوو. ئێمە لەو کەسانەین کە بۆ یەکەمجار دوکاندار بووین لەم شوێنە".

بۆتان سلێمان، ئاماژەی بەوە کرد کە پێشتر بەهۆی نەبوونی مۆبایل خەڵک بە گشتی و گەنجەکان بە تایبەتی زۆر خواستیان لەسەر خوێندنەوەی کتێب هەبووە.

ئەو کتێب فرۆشە لەبارەی کاریگەری قەیرانەکان لەسەر ژمارەی سەردانیکەران، جەختی لەوە کردەوە کە ڕێژەی سەردانیکەران لە ئاستێکی باشە، وتیشی، "گەنجەکان زیاتر گرنگی دەدەنە بابەتی پەرەپێدان بە خود و ئابووری".

بۆتان سلێمان، باس لە پێشانگاکانی کتێب دەکات و دەڵێت، "پێشانگاکەیان قازانجێکی ئەوتۆی نییە و مەسرەفیان زۆرە. پێشتر بەشداریمان دەکرد بەڵام لە ئێستادا بەهۆی ئەوەی کتێب چاپ ناکەین، بەشداری پێشانگاش ناکەین".

ئارێز حەسەنی کتێب فرۆشیش دەڵێت، "ئێمە ١٣ ساڵە لەم بازاڕە کار دەکەین. خواست لەسەر کتێب ماوە ماوە دەگۆڕێت. گەنجەکان زیاتر گرنگی بە کتێبی پەرەپێدانی خود و ڕۆمان دەدەن. ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە نێوان ٢٠-٢٥ ساڵە زیاتر خواستیان لەسەر کتێبە. قوتابییەکانیش زیاتر کتێبی وانەکانیان دەکڕن".

ئەو کتێب فرۆشە، لە کۆتایی وتەکانیدا ئامۆژگارییەکی هەیە بۆ هاووڵاتییان و دەڵێت "کتێبەکان، مرۆڤ دەگەیێننە جیهانی جیاواز. مرۆڤ لە ڕێگەی کتێب خوێندن دەتوانن ببنە خاوەن بۆچوونی خۆیان و جیهانی تایبەتی خۆیان".



# هەولێر (ئەربیل).. کەلتووری دەهۆڵ لێدان لە پارشێوانی ڕەمەزان تا ئێستا بەردەوامە

هەوال: عەبدولسەلام توتونچی

لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا، موسڵمانانی سەرانسەری جیهان زیاتر لە چاو مانگەکانی دیکە ڕوو دەکەنە جێبەجێ کردنی کاری چاکە و خێر و زۆربەی کاتەکانیان بە عیبادەت و دوعا و نزا و پاڕانەوە و هەرووەتر کاتەکانیان بۆ بەسەربردن لەگەڵ خێزانەکانیان تەرخان دەکەن. جگە لەو داب و نەریتە باوانە، هەر کۆمەڵگەیەکی موسڵمان بەش بە حاڵی خۆی داب و نەریتێکی جیاوازیش تایبەت بە مانگی ڕەمەزان هەیە.

شایەنی باسە مانگی ڕەمەزان لە هەرێم بە گشتی و هەولێر(ئەربیل) بە تایبەتی لە کەشێکی زۆر جیاوازدا بەڕێوەدەچێت و ساڵانە خەڵک بە گەرم و گوڕی پێشوازی لێ دەکەن. هەندێک نەریتی کۆن هەن تا ئێستا بەردەوامن و لەناو نەچوون، یەکێکیش لەو نەریتە کۆنانەی کە تائێستا بەردەوامە، نەریتی دەهۆڵی پارشێوە، کە تایبەتە بە ئاگا هاتنی خەڵک بۆ خواردنی پارشێو، هەر چەندە ئەم نەریتە مایەی دڵخۆشی بەشێک لە خەڵکن لە هەمان کاتدا بووەتە مایەی بێزاری خەڵکانێکی تر.

جیاواز لە ساڵانی پێشوو شەوانە تا پارشێو بەشێک لە خەڵک ناخەون و بازاڕەکان جمەی دێت لە خەڵک، جگە لەمە ئامێری ئاگادارکردنەوە چ مۆبایل یان کاتژمێر لەهەموو ماڵێکدا هەیە، بەهۆیەوە زۆر پێویستی بەو نەریتە کۆنە نەماوە، بەڵام خەڵکێکی زۆر دەخوازن نەریتی لێدانی دەهۆڵ لە ڕەمەزاندا پارێزگاری لێبکرێت و ساڵانە بەردەوامبێت .

پێشتر دەهۆڵ لێدەرەکان بە پیادە بە نێو کۆچە و کۆڵانەکان دەسووڕانەوە، بەڵام ئێستا کاریان ئاسانە و ئۆتۆمبێل بەکاردەهێنن، زۆرن ئەوانەی لە ماڵەکانیان دێنە دەرەوە بۆ بینینی دەهۆڵ لێدەرەکە، هەمووان دەیانەوێت چێژ وەربگرن بە تایبەتی منداڵان.

نەریتی دەهۆڵ لێدان لە کاتی پارشێوان مێژوویەکی کۆنی هەیە و ئەوەش لە کاتی خۆیدا بەو مەبەستە بووە کە خەڵک لەوە ئاگادار بکرێنەوە کە کاتی پارشێو و پێویستە لەخەو هەستن و نانی پارشێو بخۆن.

تا پێنج ساڵ لەمەوبەر لە گەڕەکەکانی هەولێر بە بەربڵاوی خەڵکێک لە کاتی پارشێواندا بە لێدانی دەهۆڵ بە کووچە و کۆڵانەکاندا دەسووڕانەوە و خەڵکیان لەخەو هەڵدەستان، بەڵام لە ئێستادا کاڵبوونەوەیەک بەم نەریتە بەدیدەکرێت و کەچی



تا ئێستاش لە بەشێک لەگەڕەکەکانی شاری هەولێر ئەم نەریتە بەردەوامە.

دەهۆڵچییەکان ١٠ ڕۆژ پێش جەژن لە دەرگای ماڵان دەدەن و داوای پارەی دەهۆڵ لێدان و جەژنانەیان لێ دەکەن، خەڵکێک ئەمەی بە ئاسایی وەرگرتووە و پارەشیان پێ دەدات بەڵام خەڵکێکی تر دەڵێن ناکرێ لە بری ئیزعاج کردنمان بەم دەنگە پارەش بدەین.

بۆ ئەم مەبەستە لێدوانێکمان لەگەڵ یەکێک لە دەهۆڵ لێدەرەکانی هەولێر بە ناوی ئیسماعیل عەبدولڕەحمان وەرگرت و ئاماژەی بەپیشەی دەهۆڵ لێدان لەمانگی ڕەمەزاندا کرد و وتی، "ئەم کارە لەباوکمەوە بۆم بەجێماوە، تا ئێستاش لەسەر هەمان ڕێچکەی ئەو لە مانگی ڕەمەزاناندا بەردەوامیم بە پیشەکە داوە، سەرەتا کەدەستم بەم کارە کرد لەگەڵ باوکم دەهاتم تەنها سەیرم دەکرد و هەموو شەوانی ڕەمەزان خەڵکمان بۆ پارشێو بە ئاگا دەهێنا، دواتر وردە وردە خۆم دەستم بە دەهۆڵ لێدان کرد، شەوانە لەنێو شەقامەکان دەگەڕام بۆئەوەی خەڵک بەخەبەربکەمەوە یان لەدەرگای ماڵانم دەدا، بەڵام ئێستا بەڕاستی خەڵک هەمووی بەخەبەرە، تەنها وەک نەریت و پیشەیەکی کۆن بەردەوامی بەم کارە دەدەین، چونکە نامەوێت نەریتی دەهۆڵ لێدان لەناو بچێت".

هاوکات لە پێشووتردا دەهۆڵ لێدەر بە پێ کۆڵان بە کۆڵان دەگەڕا و خەڵکی با ئاگا دەهێنا بەڵام ئێستا وەک ئەوەی بەدی دەکرێت کە بە ماتۆڕسکیل یاخود بە ئۆتۆمبێل لە گەڕەکەکان دەهۆڵ لێدەدرێت، لەوبارەیەوە ئیسماعیل عەبدولڕەحمان ئاماژەی بەوەکرد، "پێشتر لەگەڵ باوکم بە پێ هاتووچۆمان دەکرد خەڵکمان بە دەهۆڵ بە ئاگا دەهێنا، بەڵام لە ئێستادا بە ئۆتۆمبێل بە گەڕەکەکاندا دەگەڕێین و من ئۆتۆمبێلێکە لێدەخوڕم کوڕەکەشم لە دوواوە دەهۆڵ لێدەدات. منداڵی گەڕەکیش لە دووامان ڕادەکات و خۆشی دەردەبڕن".

ئیسماعیل عەبدولڕەحمان ئاماژەی بەوەدا لە بەرامبەر دەهۆڵ لێدان لە پارشێوێ مانگی ڕەمەزان، لەگەڵ نزیک بوونەوەی جەژن پارە لە هاووڵاتیان وەردەگرێت و ئەوەشی خستەڕوو، منداڵبووم کاتێک باوکم دەهۆڵکووت بوو، پارەیەکی باشی دەستدەکەوت چونکە ئەو کات لەهەموو شاین وهەڵپەڕکێیەکدا دەهۆڵیان دەویست، بەپێچەوانەوە ئێستا کە بژێویمان خراپە و کەس نامانبات بۆکار، تەنیا ڕەمەزانان کارمان هەیە، ئەویش زۆربەی ماڵەکان پارەمان نادەنێ بەداخەوە، بۆیە تەنها لەبەر ئەوەی پیشەکە لە باوکمەوە بۆم ماوەتەوە بەردەوامی بەم کارە دەدەم، دەنا هیچ قازنجێکی ئەوتۆی تێدا نییە ئەم کارە".

# لە هەرێم باج لەسەر خۆراکە سەرەکییەکان هەڵگیرا، ئایا نرخی خۆراک لە بازاڕەکان هەرزان بووە؟

هەواڵ: عەبدولسەلام توتونچی/فۆتۆ: عەلی هەڤاڵ



ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بەمەبەستی رووبەڕووبوونەوەی هەر قەیرانێکی چاوەڕوانکراو لە بواری بەرهەم و پێداویستیە خۆراکییە سەرەکییەکان بڕیاریداوە بە هەڵگرتنی رەسمی گومرگی و دواخستنی وەرگرتنی باج لەسەر پێداویستیە خۆراکییە سەرەکییەکان.

بەپێی نوسراوێک کە واژۆی مەسرور بارزانی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی لەسەرە، تیایدا هاتووە، "بەمەبەستی رووبەڕووبونەوەی هەر قەیرانێکی چاوەڕوانکراو لە بوار بەرهەم و پێداویستیە خۆراکییە سەرەکییەکان بەهۆی جەنگی رووسیا و ئۆکرانیاوە و رێگەگرتن لە گرانبوونی نرخ لە بازاڕەکاندا پێشنیاری وەزارەتە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە هەڵگرتنی رەسمی گومرگی بۆ ماوەی دوو مانگ لەسەر ئەو بەرهەمە خۆراکییانە کە سەرەکیین جێبەجێدەکرێت".

بەپێی نوسراوەکە، هەریەکە لە بەرهەمەکانی (ئارد، برنج، زەیتی گوڵەبەڕۆژە، زەیتی گەنمەشامی، رۆنی رووەکی بەستوو، رۆنی حەیوانی بەستوو، چای رەش، شەکر، پاقلەمەنی وشک وەک نۆک، نیسک، پاقلە، لۆبیا، فاسۆلیا، ماش، هەروەها شیری منداڵان بەهەموو جۆرەکانییەوە باجیان لەسەر هەڵدەگیرێت.

شەشی ئەم مانگە، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم کۆبووەوە و لەراگەیەندراوی کۆبوونەوەکەدا هاتبوو، "گفتوگۆ دەربارەی ئامادەسازییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ رووبەڕووبوونەوەی لێکەوتە ئابوورییە چاوەڕوانکراوەکانی جەنگی رووسیا - ئۆکرانیا کرا، بەتایبەتی لە بواری هاوردەکردنی گەنم و بەرهەم و پێداویستییە خۆراکییە سەرەکییەکان، ئەنجومەنی وەزیران جەختی لە گرنگیی ئامادەسازی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت کردەوە بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ دابینکردنی پێداویستییە خۆراکییە سەرەکییەکان تاکو بارگرانی نەبوونی بەرهەمە خۆراکییەکان یان گرانبوونیان لە سەر هاووڵاتییان دروست نەبێت".

مانگی شوباتی ئەمساڵ نرخی خۆراک ئاستێکی نموونەیی لە بازاڕەکانی جیهان، عێراق و هەرێم تۆمارکرد و بەرێژەی ٢٠.٧% بە بەراورد بە ساڵی رابردوو بەرزبووەوە کە ئەمەش خێراترین ئاستی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراکە لەماوەی ساڵەکانی رابردوودا. ئەمەش بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی و شەڕی رووسیا و ئۆکرانیاوەیە، بەڵام ئەوەی لە هەرێم و عێراق روویدا دوو هێندە و بگرە زیاتری ئەو رێژەیە بوو کە لە بازاڕەکانی جیهان بۆ ماددە خۆراکییەکان تۆمارکرا.

بڕیاری هەڵگرتنی باج لەسەر هاوردە کردنی بەرووبوومە خۆراکییەکان، لە ١٧ی نیسانەوە چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، وەک رۆژنامەی تەبا بۆ زانینی کاریگەری ئەم بڕیارە لە بازاڕی فرۆشتنی خواردەمەنی لە هەولێر(ئەربیل) ، لێدوانمان لە چەند کاسبکارێکی پیشەی فرۆشتنی خۆراکە سەرەکییەکان وەرگرت.

سەید حاتەم یەکێکە لە فرۆشیارەکانی خۆراک لە هەولێرلە سەرەتادا باسی لە کاریگەری ئەم بڕیارە لە نرخی خۆراک کرد و ئاماژەی بەوەدا، "تا ئێستا نرخەکان هەر وەک خۆی ماون و نرخی خۆراک لە بازاڕەکان کەم نەبووەتەوە، لەسەرەتای شەڕی رووسیا و ئۆکرانیا نرخەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبوونەوە، دواتر قۆناغ بە قۆناغ نرخی خواردەمەنی کەم بوو، بەڵام لەچاو پێشووتر هێشتا یەک جار زۆرە، لەگەڵ ئەم بڕیارەش کە دەرچووە گوایە باج لەسەر هاوردەکردنی خۆراک هەڵدەگیرێت، تا ئێستا نرخی خۆراکی لە بازاڕ دانەبەزاندووە، نرخی خۆراک هەر بەگرانی ماوەتەوە".



هاوکات لەبارە وەڵامی پرسیاری پەیامنێری تەبا کە بۆچی تا ئێستا نرخی خۆراک لەبازاڕەکانی خواردەمەنی هەرزان نەبووە، سەید حاتەم بەم جۆرە وەڵامی دایەوە، "دوای دەستپێکردنی شەڕی رووسیا و ئۆکرانیا خواردەمەنییەکی زۆر هاوردە کراو و بە نرخێکی گران لەسەر بازرگانەکان وەستا، لە ئێستاشدا کۆگاکان پڕن لە خۆراک بازرگان ناچارە بە نرخی کۆن بیدات، چونکە بە گران لەسەری وەستاوە، ئێمەش وەک فرۆشیارانی خۆراک ناچارین لەو بازرگانانە خواردن بە گران بکڕین و بە گرانیش بفرۆشینە هاووڵاتیان. بۆیە تا ئەو خۆراکانەی لە کۆگاکان خەزن کراون هەمووی تەواو نەبێت نرخی خۆراک هەرزان نابێت، ئێمەش دەبێت چاوەڕێ بکەین تا بازرگانەکان خۆراکی نوێ بە نرخی هەرزان دێنن ئەو کات هەرزانی بکەین".

سەید حاتەم گلەیی لە سستی بازاڕی فرۆشنی بەرووبوومی خۆراک کرد و باسی لەوەکرد، "بەداخەوە لە سەرەتای رەمەزان تاکو ئەم کاتە کە وا نزیک دەبینەوە لە جەژن بازاڕەکەمان زۆر خەراپە، ساڵانە لەم کاتانەدا بازاڕی خۆراک جمەی دەهات، بەڵام ئەم ساڵ زۆر بێ بازاڕییە ئەمەش چەند هۆکارێکی هەیە، یەکەم: لەسەرەتای دەستپێکردنی جەنگی ئەو دوو وڵاتە خەڵکێکی یەکجار ترسان دوودڵی لای هاووڵاتیان دروست بوو کە خۆراک نامێنێت لە بازاڕەکان، خەڵک تێکرا روویان لە بازاڕی خۆراک کرد و بەشی یەک ساڵ خواردەمەنییان کڕی، بۆیە لە ئێستادا خۆراکی زۆر لە ماڵەکان کۆگا کراوە و پێوستیان بە کڕین نەماوە.

هۆکاری دووەم: چەند مانگێکە بەشە خۆراکی مانگانە کە لەلایەن حکومەتەوە دابەش دەکرێت بەسەر هاووڵاتیان زۆر باشە، چەند ماددەیەکی باشی خۆراکی تیادایە، پێشتر بەشە خۆراکی مانگانە زۆربەی هاووڵاتیان وەریان نەدەگرت بەهۆی خراپی کالاکان، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی باشی و گرانی نرخی خۆراک لە بازاڕ خەڵک ناچارە ئەم بەشە خۆراکە وەربگرێت.
هۆکاری سێیەم: بە سستی دابەشکردنی مووچە بەسەر مووچە خۆرانی هەرێم کاریگەری لە بازاڕەکە کردووە، دەتوانم بڵێم کاریگەری زۆری لە بازاڕی کڕینی خۆراک کردووە".

لەکۆتایی قسەکانی سەیدا حاتەم ئاماژەی بەوەدا، "خەڵک چاوەڕێ نەکەن بەم زوانە نرخی خۆراک لە بازاڕەکانی هەرێم هەرزان بێت، چونکە وەک ئاماژەم پێدا خواردنێکی یەکجار زۆر بەنرخێکی گران لەسەر بازرگانەکان وەستاوە و لە کۆگاکانن و تا ئەو خواردنانە بە نرخی خۆی نەفرۆشرێت نرخی خۆراک زۆر ئەستەمە دابەزێت، ئێمەش دەمانەوێت نرخی خۆراک هەرزان بێت چونکە بازاڕی ئێمە جموجۆڵی تێدەکەوێت، بەڵام پێشبینییەکانی ئێمە وای بۆ دەچن بەم زوانە نرخ دانابەزێت".

مەحمود محەمەد فرۆشیارێکی دیکەی بەرووبوومی خواردەمەنییە لە هەولێر باسی لە گرانی نرخی خۆراک کرد و وتی، "ئەم بڕیارە لەوانەیە لە گومرک جێبەجێکرابێت بەڵام نرخی خۆراک هەروەکو خۆیەتی هیچ دانەبەزیوە، بەهۆی گرانی نرخی خۆراکیش بازاڕەکەمان زۆر کزە. بێگومان گرانی نرخی خۆراک هیچ لە دەستی ئێمە نییە لە هەموو جیهان بەهۆی شەڕی رووسیا و ئۆکرانیا نرخی خۆراک گران بووە، بەشێکی پەیوەندی بەوە هەیە لەو وڵاتە خواردنەکان هاوردە دەکرێت بەتایبەتیش رۆنی زەیت، لە ئێستاشدا بەرهەمهێنان کەم بووە بۆیە گران بووە. تاوەکو خۆراک بە هەرزان نەگاتە دەستمان نرخی خۆراک دانابەزێت، بەداخەوە کە دەبینم رۆژ بەڕۆژ نرخی خۆراک گران دەبێت ئەمەش لە بەرژەوەندی ئێمە نییە. وەک دەزانن ئەوە کۆتایی مانگی رەمەزانە بەرەو جەژن دەڕۆین بەداخەوە بازاڕەکەمان زۆر لاوازە. هیواداریین بە زووترین کات نرخی خۆراک دابەزێت بۆ ئەوەی بازاڕی ئێمەش باش بێت".

# رەمەزانێکی تێر و تەسەل لەگەڵ تەبا

ئامادەکردن: ئەیمەن ئەربیلئۆغلو




گروپی میدیایی تەبا لە مانگی رەمەزاندا بە ئامادەکردنی چەند پرۆگرامێکی ئاینی جیاواز، چێژێکی تایبەتی بەخشییە بینەران لەم مانگە پیرۆزەدا.

لە مانگی رەمەزاندا کە گرنگییەکی بێ وێنەی هەیە لە جیهانی ئیسلام، لەگەڵ ١٢ مامۆستای ئاینی پرۆگرام ئەنجامدرا.

لەگەڵ ١٠ مامۆستای ئاینی کەرکوک، ٣٠ ئەڵقە لە بەرنامەی "سەدای رەمەزان لە کەرکوکەوە" بۆ بینەران ئامادەکرا.

هەر مامۆستایەکی ئاینی لە چەند ئەڵقەیەکدا بابەتی جیاوازی باس کرد.

ئەم پرۆگرامە بە درێژایی مانگی رەمەزان بەیانیان و بەر لە شێوان لە رێگەی هەژمارەکانی سۆشیال میدیایی تەبا پێشکەش بە بینەران کرا.




لە هەولێر (ئەربیل)یش لە رێگەی مامۆستا سەدام و مامۆستا حوسامەددین ٢ پرۆگرام بۆ بینەران ئامادەکرا.

پرۆگرامی "چیرۆکەکانی رەمەزان لەگەڵ مامۆستا سەدام" هەموو ئێوارەیەک بەر لە شێوان بڵاوکرایەوە.

پرۆگرامی "گفتوگۆی رەمەزان لەگەڵ مامۆستا حوسامەددین دامرچی" لە رادیۆی تەبا بە شێوەیەکی راستەوخۆ پێشکەش بە بینەران کرا. لە پرۆگرامەکەدا بینەران و بیسەران پەیوەندی تەلەفۆنییان ئەنجام دەدا و مامۆستاش وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە.

ئەم بەرنامەیە بەر لە شێوان لەسەر رادیۆ و هەژمارەکانی سۆشیال میدیا و ئەپلیکەیشنی تەبا پەخش دەکرا.

رۆژانی دووشەممە و پێنجشەممەش لە کەرکوک تایبەت بە رەمەزان دوای نوێژی عەسر وتارەکانی مامۆستا عادل بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە سۆشیاڵ میدیا بڵاودەکرایەوە.



# راهێنەرێکی تایکواندۆ: ژمارەی یاریزانی کچ لە کوڕ زیاترە

هەواڵ: بارزان قاوەچی/فۆتۆ: عەبدوڵا بەختیار

ڕاهێنەرێکی تایکواندۆ لە هەولێر (ئەربیل) ڕایدەگەیەنێت کە خەڵکی منداڵەکانیان دەنێرن بۆ فێربوونی هونەری بەرگری کردن و کچان زیاتر سەردانیان دەکەن بۆ ئەوەی فێری بەرگری لەخۆکردن بکەن.

ئاڤان محەمەد، ڕاهێنەری تایکواندۆ لە قوتابخانەی تایکواندۆی فاست کیکس، لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی تەبا، باس لە کار و چالاکییەکانیان دەکات.

ئاڤان محەمەد سەبارەت بە کارەکانیان دەڵێت، "بۆ یەکەمجار هەوڵ دەدەین قوتابییەکانمان فێری بەرگری لەخۆکردن بکەین. فێریان دەکەین چۆن بەرامبەر بە مەترسییەکان خۆیان بپارێزن".

ئەو ڕاهێنەرە باس لەوە دەکات کە تایکواندۆ بە تایبەتی بۆ کچان گرنگە بۆئەوەی بەرگری لە خۆیان بکەن. دەشڵێت، "حەز دەکەین کچان زیاتر بەشداری تایکواندۆ بکەن، چونکە بە تایبەتی بۆ کچان پێویستە، کوڕ بە شێوەیەک بێت دەتوانێت بەرگری لە خۆیان بکەن. پێشتر خەڵک کچی خۆیان نەدەنارد بەڵام ئێستا سەردەمەکە گۆڕاوە و لە هۆڵەکەمان قوتابی کچ و کوڕمان هەیە".

ئاڤان محەمەد ڕایگەیاند، بەشداری چەند پێشبڕکێیەکیان کردووە لە هەولێر و کچەکان پلەی یەکەمیان بەدەستهێناوە و کوڕەکانیش پلەی دووەم. هەروەها لەسەر ئاستی هەرێم، پلەی یەکەمیان بەدەستهێناوە.

ئاڤان محەمەد، ڕاهێنەری تایکواندۆ، جەختی لەوەکردووە کە ژمارەی قوتابیانی کچ لە کوڕ زیاترە. وتیشی، "پێمان باشە خەڵک کچ و کوڕەکانیان بۆ وەرزشکردن بنێرن. بە بۆچوونی ئێمە ئەمە زۆر باشترە لەوەی منداڵەکان کاتێکی زۆر لە کۆڵانەکان بەسەربەرن. چونکە وەرزش هەم جوڵە بە جەستە دەکات هەمیش مێشک چالاک دەکات.



بە ئەگەرەکی زۆرەوە لە کۆڵانەکان منداڵەکان فێرە شتی خراپ دەبن بەڵام لێرەدا فێری شتی باش، ئەخلاق، هەڵسوکەوتی باش، متمانە بەخۆبوون دەبن".

کچە یاریزانێک بەناوی فاتیمە کە ٤ ساڵە خەریکی ئەم یارییەیە، ئاماژە بەوە دەکات کە خاوەنی حیزامی ڕەشە (کەمەری ڕەش) و لەسەر ئاستی هەرێم پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە و دەیەوێت لەسەر ئاستی عێراقیش سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

فاتیمە، باسی لەوە کرد کە سەرەتا حەزی بە تایکواندۆ نەبووە و تەنها بۆ کات بەسەربردن سەردانی هۆڵەکەی کردووە. وتیشی، "بەڵام دواتر مامۆستایەکانم ئامانجێکیان بۆ ئێمە دانا و تێیان گەیاندنین کە تایکواندۆ شتێکی زۆر جوانە، ڕێز لە بەرامبەرەکەت دەگریت و دەتوانیت ببیت بە پاڵەوانی جیهان".

ئەرهان سۆنماز جەماڵ-ی تەمەن ١٦ ساڵ هەم یاریزانێکی سەرکەوتووی تایکواندۆیە هەمیش یاریدەدەری ڕاهێنەرە. ئەرهان ئاماژە بەوە دەکات کە ٥ ساڵە دەستی بە تایکواندۆ کردووە و خاوەنی کەمەری ڕەشە.

ئەو یاریزانە لاوە، خۆی بۆ پێشبڕکێی هەولێر ئامادە دەکات و دەیەوێت پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژانە زۆر ڕاهێنان دەکات لەگەڵ ڕاهێنەرەکەی، دەشڵێت ،"دەمەوێت لە تورکیا و وڵاتانی ئاسیا بەشداری پێشبڕکێی نێودەوڵەتی بکەم و سەرکەوتن بەدەست بهێنم".

یاریزانێکی تر بەناوی سیدرە، کە کچە یاریزانێکی لاوی قوتابخانەی تایکواندۆی فاست کیکسە، هیوا دەخوازێت لە داهاتوودا ببێتە ڕاهێنەرێکی سەرکەوتووی تایکواندۆ.

سیدرە دەڵێت، "دوای تایکواندۆ ژیانم زۆر گۆڕا، کاتەکانم گۆڕا. دوای قوتابخانە دێم بۆ تایکواندۆ. ڕاهێنانەکان کاریگەری لەسەر وانەکانم نییە، کاتەکانم بە جوانی دابەش دەکەم. حەز دەکەم بەشداری پێشبڕکێیەکان بکەم، جارێکیان بەشداریم کرد و پلەی دووەمم بەدەستهێنا، ئەمەش بووە وانەیەک بۆمن. هیوادارم لە پێشبڕکێیەکانی داهاتوو پلەی یەکەم بەدەست بهێنم".

# پەرێز کەریم، دکتۆری چارەسەری سرووشتی باس لە وردەکارییەکانی چارەسەری دەرزی ئاژنین دەکات

هەواڵ: نورخان کەرخی/فۆتۆ: عەلی سالم



چارەسەری دەرزی ئاژنین یەکێکە لەو چارەسەرانەی بۆ ئازاری ماسوولکە کە بەهۆی گرژی ماسوولکەکانەوە دروست دەبێت، بەکاردێت. بە تایبەتی بەم دواییانە خەڵکێکی زۆر لە سەنتەرەکانی چارەسەری سرووشتی هەولێر (ئەربیل) خەریکی ئەم چارەسەرکردنەن.

لەبەر ئەوەی دەرزییە باریکەکە ماسوولکەکان ئاگادار دەکاتەوە و خاویان دەکاتەوە، چارەسەری دەرزی ئاژنین بۆ ئەو کەسانەی ژانی ماسوولکەیان هەیە چارەسەرێکی گونجاوە.

وەکو ڕۆژنامەی تەبا بۆ زیاتر زانیاری گەیاندن بە خوێنەرەکانمان لەبارەی چارەسەری دەرزی ئاژنین کە بەوە ناسراوە چارەسەرێکی بێ ئازارە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پەرێز کەریم دکتۆری چارەسەری سرووشتی کرد.

پەرێز کەریم ئاماژەی بەوە کرد کە مێژووی ئەم چارەسەرە زۆر کۆنە. وتیشی، "مۆمیایەک دۆزرایەوە کە مەزەندە دەکرێت مێژووەکەی بۆ ٦ هەزار ساڵ پێش زایین بگەڕێتەوە. لەو مۆمیایەدا جێ شوێنی کوتینی لێ دۆزرایەوە و ئاماژە بەوە کرا کە ئەم کوتینە بە دەرزی ئاژنین کراوە".

ئەو دکتۆرە باسی لەوە کرد کە ئەم چارەسەرە بۆ یەکەمجار لە لایەن چینییەکان بەکارهاتووە و لە ساڵانی ١٩٧٠کان لە ئەوروپا بڵاوبووەتەوە.

سەبارەت بە چۆنیەتی ئەنجامدانی چارەسەرەکەش پەرێز کەریم وتی، "چەند دەرزییەک لەو ماسولکانە دەدرێت کە ئازاری لێیە کە ئەمەش ئاگادارکردنەوەی نێوان ئەو ماسوولکەیە و مێشک بەهێزتر دەکات. دەبێتە هۆی ئەوەی خڕۆکە سپییەکان و بەرگری لە شوێنی مەبەست زیاتر بێت. بەم شێوەیە پڕۆسەی چارەسەر خێراتر دەبێت".

پەرێز کەریم باسی لەوە کرد کە چارەسەری دەرزی ئاژنین بە ٢ شێواز ئەنجام دەدرێت و وتی، "شێوازێکیان ناوی ئاکاپونکتوورە کە لەمەدا دەرزییەکان بۆ ماوەی ٢٠-٣٠ خولەک لەسەر پێست دەمێنێتەوە. بەڵام لە شێوازی نوێ دوای ئەوەی دەرزییەکە لێدەدرێت ڕاستەوخۆ دەردەهێندرێت و فڕێدەدرێت".

وتیشی، "پێشتر ئەم چارەسەرە بە مەبەستی جوانکاریش ئەنجام دەدرا چونکە ئەو شوێنەی کە دەرزییەکەی لێدەدرێت، ئاڵوگۆڕی خوێن تیایدا زیاد دەکات، بەرگری بەهێز دەبێت، ماسوولکەکان چالاکتر دەبن و بەهۆی ئەم هۆکارانەش شوێنەکە زیندوو و بریقەدار بەدیار دەکەوێت".

پەرێز کەریم جەختی لەوە کردووە کە ئەم چارەسەرە لە سەرانسەری عێراق کەم بەکار دەهێندرێت. سەبارەت بە هۆکارەکەشی دەڵێت،



"بۆ ئەم جۆرە چارەسەرە هیچ ناوەندێکی فێرکردن نییە لێرە. ئەوانەی شارەزاشن لە دەرەوەی وڵات خوێندن لەم بوارە تەواو دەکەن. ئەم جۆرە چارەسەرە یەکێکە لە بوارەکانی چارەسەری سرووشتی بەڵام لە بەشەکانی چارەسەری سرووشتی هەرێم ئەم چارەسەرە وەکو بوارێک ناخوێندرێت".

ئەو دکتۆرە ڕاشیدەگەیەنێت، "من وەکو مامۆستا وانە بە فێرخوازانی ئەم بوارە دەڵێمەوە. مانگێک بەر لە ئێستا خولێکمان کردووە کە ٢٣ کەس بەشدارییان تیاداکرد. فێرخوازەکان خەڵکی هەولێر و سلێمانی بوون".

لەبارەی ڕێنماییەکانی دوای ئەنجامدانی چارەسەریش، هۆشداری ئەوە دەدات کە دەبێت لایەنی کەم ٢ کاتژمێر کەسەکە خۆی نەشوات چونکە بەهۆی درووستبوونی کون لەسەر پێستدا لەوانەیە ئەگەری هەوکردن درووستبێت، هەر بۆیەش نابێت ئەو شوێنانە بەر ئاو کەون.

پەرێز کەریم، ئاماژە بە چەند کەسێک دەکات کە نابێت ئەم چارەسەرەیان بۆ بکرێت و دەڵێت، "لە ٣ مانگی یەکەمی دووگیانی نابێت ئەم چارەسەرە بۆ کەسەکە ئەنجام بدرێت. هەروەها ئەوانەی پێستیان هەستیارە، نەخۆشی شەکرەیان هەیە، جێشوێنی سووتانیان هەیە لەسەر پێستیان و ئەو کەسانەی فۆبیای دەرزییان هەیە نابێت ئەم چارەسەرەیان بۆ بکرێت".

سەبارەت بە تەمەنی ئەو کەسانەی کە ئەم چارەسەرەیان بۆ ئەنجام دەدرێت، ئەو دکتۆرە دەڵێت، "بۆ هەموو تەمەنێک گونجاوە. ئەو دەرزییەی بەکاردەهێندرێت زۆر باریکترە لە دەرزی ئاسایی. بەم هۆیەشەوە لە کاتی بەکارهێنان هیچ ئازارێکی نابێت. دەرزییەکە جارێک بەکاردەهێندرێت و فڕێدەدرێت. لەکاتی فڕێدانیش وەها باشترە کە لەناو قوتووەکەی خۆی بکرێت ئینجا فڕێبدرێت چونکە ئەگەر یەکێک لە ناو زبڵدانەکە لە دوای شتێک بگەڕێت لەوانەیە دەرزییەکە لە پەنجەکانی ڕابچێت و توشی نەخۆشی بێت".
پەرێز کەریم، لەبارەی ژمارەی دەرزی بەکارهاتوو لە چارەسەر ڕوونیکردەوە، "ژمارەی دەرزییەکان بە گوێرەی شوێنی ماسولکە دەگۆڕیت. لەبەر ئەوەی دەرزییەکان زۆر باریکن، ئەگەری خوێنبەربوون بە ڕێژەیەکە کە دەتوانین بڵێین نییە. ئەم چارەسەرە، چارەسەرێکی بێ دەرمانە و دەتوانین بڵێین لە ١٠ هەزار کەس تەنها لە یەک کەس کاریگەری لاوەکی دەبیندرێت".

پەرێز کەریم دکتۆری چارەسەری سرووشتی، ئاماژەی بەوە کرد کە بۆ ئەو کەسانەی نەخۆشی وەکو کۆمایان هەیە بە یارمەتی کارەبا ئەم چارەسەرەیان بۆ دەکرێت.

سەبارەت بە ئەنجامدانی چارەسەرەکە بە مەبەستی دابەزاندنی کێشیش دەڵێت، "بۆ مەبەستی دابەزاندنی کێش ٨ دەرزی لە گوێیەکان و ٤ دەرزیش لە سک دەدرێت. هەفتەی ٢ جار ئەم پرۆسەیە دووبارە دەکرێتەوە. کاتێک بۆ کەسەکە باسی پڕۆسەکە دەکەم، هەندێکیان دەڵێن 'دەکرێت دەرزی بەکارنەهێندرێت'. بۆیەش ئەوانەی فۆبیای دەرزییان هەیە وا باشترە روو لەم چارەسەرە نەکەن".

ئامادەکردن: ئاسلی کوزەچییۆغلو

# "تارمایی ڕەش" لە عێراق: دارک فانتۆم



ئامادەن گرووپێکی جیاواز لە گرووپەکانی تری میوزیکی عێراقی بناسن؟ دارک فانتۆم گرووپێکە کە بە بەیەکگەیشتنی ٥ گەنج پێکهێنراوە و بە میوزیکی مێتاڵ لە عێراق دەناسرێنەوە. دارک فانتۆم هەم بە شێواز وهەم بە کلیپ و بە ئەلبوومەکانی رووخسارێکی نوێی بە میوزیکی مێتاڵ بەخشیوە لە عێراق، بوونی هەوادارێکی زۆری گرووپەکە لە وڵاتانی جیاجا بووەتە مایەی ئەوەی بە چڕی باسی لێوەبکرێت.

دارک فانتۆم کە بەمانای (تارمایی رەش) دێت بە زمانی تورکی و لە ساڵی ٢٠٠٩وە بەولاوە بەشێوەیەکی فەرمی چالاکییەکانی دەستپێکردووە، مورات جایماز، گیتار ژەنی گرووپی دارک فاتنتۆم بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی تەبا ماگازینی دایەوە.

بەرلە ١٣ ساڵ، پێنج گەنجی دڵخوازی مێتال میوزیک بەناوەکانی موراد جایماز، ڕێبین محەمەد، سەرمەت جەلال، ئیحسان و مستەفا بەیەکگەیشتن و گرووپی "دارک فانتۆم"یان دامەزراند، جگە لە شانۆکانی ناوەوەی عێراق، گرووپەکە بە بەشداری شانۆکانی دەرەوەی وڵاتیش بەناوبانگە. بۆ یەکەمجار ساڵی ٢٠١١ گرووپەکە شانۆی میوزیکی مێتالیان لە کەرکوک پێشکەشکرد، ئەمەش بووەهۆی ئەوەی ناوەکەی لە هزری هەموواندا بمێنێتەوە. ساڵێک دواتر کورتە ئەلبوومێکیان بەرهەمهێنا، دواتریش بە پێشکەشکردنی شانۆیەک لە شاری هەولێر(ئەربیل) توانی کوالێتی گرووپەکە سەنگێنتر بکات.

لە ساڵی ٢٠١٤ دوای ئەوەی گرووپەکە لەگەڵ دوو لە ئەندامانی ڕێگاکانی جیاکردەوە، دوو کەس بەناوی میر وەکو کۆرس و مەحمود وەکو ئیقاع ژەن بە ئەندامی تازەی ناو گرووپەکە ناسێنران. لە هەمان ساڵدا دارک فانتۆم شێوازی لە مێتال بەرەو تراش مێتال گۆری و یەکەم بەرهەمی سینگلی بەناوی "نایشن ئۆف دۆگس" بڵاوکردەوە. گرووپەکە لە ساڵی ٢٠١٦دا یەکەم کۆنسێرتی لە دەرەوەی وڵات لە سووریا ئەنجامدا، بەمەش ناوبانگی لە وڵاتان دەرکرد.

موراد جایماز، لەکاتێکدا باسی لەوەکرد کە جگە لە زمانی ئینگلیزی بەرهەمەکانیان بە زمانی تر دەرناکەن رایگەیاند، "ئێمە بۆ عێراق بەرهەمی ناهێنین چونکە میوزیکەکەمان لێرە گوێی لێناگیرێ. سەرەڕای ئەوەی بەبێ ژمارە ئەلبوومەمان لە وڵاتانی دەرەوە فرۆشراوە، کەچی لە عێراق تائێستا ئەو بایەخەمان پێنەدراوە".

### "وا بیریان کردەوە کە پەرتەوازە بووین، کەچی ئێمە لێرەین"

جایماز ئاماژەی بەوەکرد، کاتێکی زۆربوو لە چاوەکان دووەرکەوتبووینەوە و وتیشی، "ڕاستە پشوویەکی زۆرمان داوەتە کارەکانمان و لە چاوەکان دوورکەوتووینەتەوە، بەڵام هێشتا چالاکین. لەکاتی بوونی کاری نوێماندا، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاویدەکەینەوە".



لەلایەکی دیکەوە بەمشێوەیە زانیاری لەبارەی پڕۆژەکانی داهاتووی گرووپەکە خستەروو:

"ئەم ماوەیە لەسەر سینگلێکی نوێ کاردەکەین، لە هەمانکاتدا ئەلبوومێکی نوێمان بۆ گوێگرانمان ئامادە کردووە، بەم نزیکانە بە کارو چالاکی نوێوە دەگەڕێینەوە لایان".

### گرووپی مێتال یاخود گرووپی میوزیکی لایف 'زار'؟



گیتاریستی تەمەن ٣٣ ساڵ، لەبارەی گرووپی لایف میوزیکی 'زار' ئەم وتانەی دەربڕی، "بەداخەوە، تائێستا مێتال میوزیک لە وڵاتەکەمان شوێنی خۆی نەکردووەتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش گرووپێکمان پێکهێنا لەسەر شێوازی لایف میوزیک و ناومان نا 'زار' ".

جایماز ئەوەشی ئاشکراکرد، کە ئەندامانی گرووپەکە بە هاوبەشی گرووپی لایف میوزیکی 'زار'یان پێکهێناوە و راشیگەیاند، "ئەو کلاسیکیانەی لەناو خەڵک باون بە شێوازی تایبەتی خۆمان کەڤەری دەکەین وهەڵیدەسەنگێنین". وتیشی، "ئەو چالاکییانەی بەناوی 'زار' ئەنجامدەدرێن بە شانۆ سنووردارکراون. هیچ کام لە سینگل، ئەلبوم یاخود تۆماری ستۆدیۆی پێشکەوتوومان نابێت".

# 'کێشەی بەناوبانگ بوونم نییە'



کێزێر، ئەو هونەرمەندەی بە بەرهەمی سینگڵی 'سێندێ ئونوت' توانی کەسایەتی هونەریی خۆی بناسێنێت، کەچی بەرهەمەکانی تەنها بەم گۆرانیە سنووردار کرا و رایگەیاند، میوزیک تەنها ئارەزوویێکی کاتی نییە لەلای ئەو.

ئەرجان محەمە یاخود بە نازناوە هونەرییەکەی "کێزێر' گۆرانییەکەی لە Netd M□zik بڵاوکردەوە کە یەکێکە لە کەناڵە هەرە زۆر فۆڵۆوکراوەکان، بووە یەکەمین تورکمان کە نازناوی لەم شێوەیەی هەبێت، لەمبارەیەوە چەند روونکردنەوەیەکی بۆ تەبا ماگازین دا.

محەمەد، لە کەرکوک لەدایکبووە و لە ئیستانبوڵ گەورە بووە، بەشێکی ژیانی ئەکادیمی لە تورکیا و بەشێکیش لە یۆنان تەواوکردووە. هونەرمەندی گەنج شانبەشانی کاری هونەری لە ئارایشگاش کاردەکات، نازناوی شانۆیی "کێزێر"ی لەخۆناوە کە بەواتای رووناکی و قارەمانی دێت و لەمبارەیەوە راشیگەیاند، کە ئەو واتای وشەکەی لەلا گەورەیە. ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو برازای ئەندامانی یەکەم گرووپی میوزیکییە لە کەرکوک کە ناونرابوو"چینار" بۆیە لە تەمەنی منداڵییە ئاشنایەتیی لەگەڵ مویزیک هەیە.

هونەرمەندی تەمەن ٢٩ ساڵ، ڕاستەوخۆ دوای بڵاوکردنەوەی بەرهەمە سینگڵەکەی، لەوکاتەوە تائێستاش بەهۆی کێشەی تەندروستییە نەیتوانیوە لە کارەکانی بەردەوامبێت، بەڵام رایگەیاند کە دووبارە دەگەڕێتەوە ناو جیهانی میوزیک.

کێزێر ئەوەشی خستەڕوو، سەرەڕای ئەوەی چەند پرۆژەی هونەری هەیە، بەڵام بەهۆی ئەو دۆخەی تیایەتی نەیتوانیوە پرۆژەکانی جێبەجێبکات، وتیشی، "کەسێکم باوەرم بەوە هەیە کە هەموو شتێک کاتی دیاریکراوی خۆی هەیە، هیچ کاریک ناکەم تاکو هەست بەوەنەکەم کە تەندروستیم بەرەو باشتربوون دەچێت".

هۆنراوەی بەرهەمە سینگڵەکەی "سێندێ ئونوت"ی کێزێر تایبەت بە خەلیل قەرەگۆز و ئاوازەکەی تایبەت بە هونەرمەند مستەفا ئۆزتورک بووە کەماوەی ٣ ساڵ لەمەوبەر بەرهەمەکەی لە ستۆدیۆی Netd M□zik دەرکردووە و لە ماوەیەکی نزیکدا ٢٠٩ هەزار بینەری هەبووە، لەمبارەیەوە محەمەد رایگەیاند، "بەشێکی کلیپەکە لە کەرکوک و بەشێکی لە ئیستەنبول دەرکراوە. هۆکارەکەشی ئەوەبیوو کە دەمویست ژنێک ڕۆڵ لە کلیپەکەم ببینێت. بە تایبەت ئەمجۆرە کلیپانە لە کەرکوک کەمن. بەڵام دوای کلیپەکەی من، ئەوجۆرە کلیپانەش هێدی هێدی باو بوون".

راشیگەیاند ئەو وەکو یەکەم هونەرمەندی تورکمان کە بەرهەمەکەی لەلایەن **Netd Müzik** بڵاوکراوەتەوە شانازی بەخۆیەوە دەکات.

'ئەگەر کێشەی بەناوبانگ بوونم هەبا، لە کۆرسەکەی مامۆستا ئەدیب ئاکبایرام دەبووم'

ئەرجان محەمەد، ساڵانێکی زۆر چەندین خولی ئەکادیمی میوزیکی بینیوە و قوتابی هونەرمەندی ناودار ئیسکەندەر دۆغان بووە و لەمبارەیەوە رایگەیاند، "ئەگەر کێشەی بەناوبانگ بوونم هەبا، ئەوا لە کۆرسەکەی مامۆستا ئەدیب ئاکبایرام دەبووم.

بە سایەی مامۆستا ئیسکەندەر دۆغان ڕاستەوخۆ پەیوەندیم پێوەکرد و رایگەیاند، کە یەکەمجارە دەنگێکی لەمشێوەیەی بەدڵی بووە، لە هەمان کاتدا هەوادارێکی سەرسەختی ئەدیب ئاکبایرام-م.

هەرچەندە خولم لە بواری Andolu Rock هەبوو، بەڵام یەکەم بەرهەمم لەم بوارە دەرنەکرد. بەرهەمەکانی داهاتووشم دەکرێت لە بواری trap بێت، لە داهاتوودا من بە بەرهەمی نوێوە دەبینن، بەڵام نازانم ئەو داهاتووە کەی دێت".

هونەرمەندی گەنج ئەوەشی ئاشکراکرد کە لەنێوان ساڵانی ٢٠١٠ و ٢٠١٣ لە چەندین شوێنی جیاواز شانۆی هونەری هەبووە و لەمابارەیەوە رایگەیاند، بەهۆی چەند کێشەیەک وازی لە وەرگرتنی شانۆ هێناوە، دەیەوێت دەنگی بۆ کاری سادە ماندوو بکات، بەڵام دووپاتیشی کردووە کە خوازیارە بە بەرهەمی ناوازە بگەڕێتەوە بەردەم هەوادارانی.

وردەکاری لە نووسین: عەبدولسەلام هیشام
خاوەنی ئیمتیاز: تەبا
دیزاین: ئەحمەد سیروان نەجار
سەرنووسەر: محەمەد فەرید ئەربیلئوغلو
TEBÂ کوردی
ناونیشان: گەڕەکی ڕووناکی / شەقامی ٤٠م
بۆ پەیوەندی: ٠٧٥٠ ٢٦١ ١٠ ١١
٠٧٧٣ ٣٤٣ ١٠ ١١

تێبینی بابەتەکانی گۆشەی بیروڕای هەفتەنامەی تەبا، گوزارشت لە بیروڕای خودی نووسەر دەکات